# وەقایعی کوردستان

ڕۆژنامەی ڕەسمیی هەرێمی کوردستانە - وەزارەتی داد دەری دەکات

ژمارە (٢٩٩) ساڵی بیست و سێ   ٢/ ئادار / ٢٠٢٣/زایینی   ١١/ ڕەشەمێ /٢٧٢٢/ کوردی   ١٠/شەعبان/١٤٤٤ کۆچی

299

**یاسای ژمارە (١٤)ی ساڵی ٢٠٢٢** ل ١

یاسای ڕێکخستنی مامەڵەکردن لەگەڵ ئاژەڵەماڵی و بێلانەکان

**ڕێنمایی ژمارە (٩)ی ساڵی ٢٠٢٣ وەزارەتی تەندروستی** ل ١١

ڕێنمایی بەرهەمی (دەرمانسازی/ پزیشکی) لە هەرێمی کوردستان - عیراق

**ڕێنمایی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٢٣ وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی** ل ٣٩

هەموارکردنەوەی سێیەمی ڕێنمایی ژمارە (١) ی ساڵی ٢٠١٥ تایبەت بە خانەی دایەنگاکان

لە هەرێمی کوردستان _عێراق

**بەیانی ژمارە (٥)ی ساڵی ٢٠٢٣ وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی** ل ٣٩

**بەیانی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٢٣ دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگە** ل ٤٠

Address: Franswa Metran Cross
www.gov.krd/moj , www.yasaii.info

ناونیشان: هەولێر - چوارڕیانی فرەنسوا میتران - باڵەخانەی وەزارەتی داد
تەلەفۆن: ٠٦٦ ٢٢٤ ٥٥٠٨ - ٠٦٦ ٢٢٤ ٥٥٠٧ - ٠٦٦ ٢٢٤ ٥٥١٤

# وقائع كوردستان

الجريدة الرسمية لأقليم كوردستان - تصدر من قبل وزارة العدل

العدد (٢٩٩) السنة ثالث و العشرون ٢/ أذار /٢٠٢٣ ميلادي ١١/ رەشەمێ / ٢٧٢٢/ كوردي ١٠/ شعبان/١٤٤٤هجري

299



القانون رقم (١٤) لسنة ٢٠٢٢ ص ٤١

قانون تنظيم التعامل مع الحيوانات الأليفة والسائبة


فهرست المواضيع باللغة الكوردية فقط


تعليمات رقم (٩) لسنة ٢٠٢٣ وزارة الصحة ص ١١

تعليمات رقم (١) لسنة ٢٠٢٣ وزارة العمل والشؤون الاجتماعية ص ٣٩

بيان رقم (٥) لسنة ٢٠٢٣ وزارة العمل والشؤون الاجتماعية ص ٣٩

بيان رقم (١) لسنة ٢٠٢٣ هيئة حماية تحسين البيئة ص ٤٠



No. 299 Date: March , 2 , 2023 Vol.: 23

The Weekly Formal Newspaper of Kurdistan Region , Published by Ministry of Justice



Address: Franswa Metran Cross
www.gov.krd/moj , www.yasaii.info

العنوان - أربيل - تقاطع فرانسوا ميتران - بناية وزارة العدل
تلفون: ٠٦٦ ٢٢٤ ٥٥٠٨ - ٠٦٦ ٢٢٤ ٥٥٠٧ - ٠٦٦ ٢٢٤ ٥٥١٤

**کۆماری عێراق**
**هەرێمی کوردستان**
**سەرۆک**

**بڕیار**
**ژمــارە (٣)ی ســاڵی ٢٠٢٣**

بەپێـی ئەو دەسـەڵاتەی پێماندراوە لە بـڕگەی (یەکەم)ی مـاددەی (دەیەم) لە یاسـای سـەرۆکایەتیی هەرێمـی کوردسـتان ژمـارە (١)ی سـاڵی ٢٠٠٥ی هەمـوارکراو و پاڵپشـت بە یاسـاکاریی پەرلەمـانی کوردستان کە لە دانیشتنی ئاسایی ژمارە (١٤)ی رۆژی ٢٠٢٢/١١/٢٩ کردوویەتی، بڕیارماندا بەدەرکردنی:

**یاسای ژمارە (١٤)ی ساڵی ٢٠٢٢**
**یاسای رێکخستنی مامەڵەکردن لەگەڵ ئاژەڵە ماڵی و بێلانەکان**

**ماددەی (١):**
بۆ مەبەستی حوکمەکانی ئەم یاسـایە، ئەم زاراوە و دەسـتەواژانەی خـوارەوە ماناکـانی بەرامبەریـان دەگەیەنن:-
**یەکەم**: **هەرێم**: هەرێمی کوردستان - عێراق.
**دووەم**: **وەزارەت:** وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاوی هەرێم.
**سێیەم**: **وەزیر**: وەزیری کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاوی هەرێم.
**چوارەم**: **بەڕێوەبەرایەتی گشتی:** بەڕێوەبەرایەتی گشتی سامانی ئاژەڵ و ڤێتێرنەری لە وەزارەت.
**پێنجەم**: **بەڕێوەبەرایەتی:** بەڕێوەبەرایەتی ڤێتێرنەری لە پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان.
**شەشەم**: **ئاژەڵی ماڵی:** ئەو ئاژەڵەیە کە بە سروشتی مـاڵییە یـان شـیاوی مـاڵیکردنە، لانەی هەبێـت یـان نەیبێت، و ئاژەڵی دڕندە ناگرێتەوە.
**حەوتەم**: **ئـاژەڵی بـێلانە:** ئەو ئـاژەڵەیە کە بە سروشـت توانـای هەڵکردنـی لەگەڵ مـرۆڤ هەیە، بەڵام خاوەنی نیە یان بەخێوکـارەکەی دەسـتبەرداری بـووە و گەڕۆکە و لە شـوێنە گشـتییەکاندا بـڵاو دەبنەوە.
**هەشتەم**: **ئاژەڵی کێوی:** ئەو ئاژەڵەیە کە دوور لە دەستی مرۆڤ لە دایک بووە، بەبێ هاوکاری مـرۆڤ لە قۆناغەکانی ژیانیدا پێگەیشتووە و بە سروشتی خۆی لەگەڵ مرۆڤدا هەڵناکات، دڕندەبێت یا نا.
**نـۆیەم**: **بەخێوکـاری ئـاژەڵ**: هەر کەسـێک کە پـازدە سـاڵی تەواو کردبێـت، بەکردەیـی سەرپەرشـتی وچاودێری و ڕەفتار بەئاژەڵی ماڵییەوە بکات، خـاوەنی ڕاسـتەقینەی بێـت یـان ئـاژەڵەکە لە بـن دەستیدا بێت.

**دەیەم: بەڵگەنامەی تەندروستی ڤێتێرنەری:** ئەو دۆکیومێنتەیە کە لەلایەن پزیشکی ڤێتێرنەرییەوە ڕێکدەخرێت، و لەلایەن بەڕێوەبەرایەتییەوە پەسەند دەکرێت.

**یازدەیەم: نەخۆشییە درمییەکان:** ئەو نەخۆشیانەن کە بە هۆی ڤایرۆس، بەکتریا، کەڕووەکان، پرایۆن، و مشەخۆری دەرەکی وناوەکی، لە ئاژەڵێک بۆ ئاژەڵێکی دیکە بە خێرایی دەگوازرێنەوە.

**دوازدەیەم: نەخۆشی مرۆژەڵی (هاوبەش):** ئەو نەخۆشیانەن کە لە ئاژەڵەوە دەگوازرێنەوە بۆ مرۆڤ یان بەپێچەوانەوە.

**سیازدەیەم: پەڕاوی تۆماری ئاژەڵ:** ئەو تیانووسەیە کە زانیاریی تایبەت بە ئاژەڵی ماڵی وبەخێوکارەکەی یان بە ئاژەڵی بێلانەی تێدا تۆمار دەکرێت.

**ماددەی (٢):ئامانجی ئەم یاسایە بریتییە لە:-**

**یەکەم:** پارێزگاریکردن لە ئاژەڵە ماڵی و بێلانەکان، پاراستنی تەندروستی ڤێتێرنەری و ڕێکخستنی بەخێوکردن و مامەڵەکردن لەگەڵیاندا.

**دووەم:** پاراستنی سەلامەتی و تەندروستی مرۆڤ و ژینگە و تەندروستی گشتی لە زیانی ئاژەڵە ماڵی و بێلانەکان.

**سێیەم:** بڵاوکردنەوەی کلتوری ئاژەڵدۆستی.

**ماددەی (٣):**

**بەڕێوەبەرایەتی ئەم ئەرکانەی خوارەوە لە ئەستۆ دەگرێت:-**

**یەکەم:**

١- کردنەوەی نۆرینگەی تایبەت بە چارەسەری تەندروستی ئاژەڵان و پێکهێنانی تیمی پزیشکی ڤێتێرنەری خولاو بۆ فریاگوزاری سەرەتایی و چارەسەری پزیشکی.

٢- هەڵسەنگاندنی مەترسی بڵاوبوونەوەی نەخۆشیەکان و کۆنترۆڵکردنی، لە ڕێگەی ڕاسپاردنی پشکنەری ڤێتێرنەری گەڕۆک، بەسەردانی مەیدانی و دەستنیشانکردنی تاقیگەیی.

٣- هەڵمەتی کوتان و دابڕاندن و کەرەنتینەکردنی ئاژەڵان و چارەسەرکردن یان لە ناوبردنی ئاژەڵی نەخۆش لەبەر ڕۆشنایی یاسا بەرکارەکانی هەرێم.

**دووەم:**

دروست کردنی پەناگە بۆ ئاژەڵی بێلانە و دەستبەسەر و نەخۆش، ئەوانەی پێویستیان بە چاودێری تایبەت هەیە، تۆمارکردن و پاراستن و چاودێریکردنی تەندروستیان.

**سێیەم:**

١- ڕووپێوی مەیدانی وبەردەوامی ئاژەڵی بێلانە.

٢- تۆمارکردن و ڕێکخستنی ناسنامەی ئاژەڵی ماڵی و بەخێوکارانیان و دروستکردنی پەڕاوی دروستی ئاژەڵانی ماڵی و بێلانە.

**ماددەی (٤):**

هەر کەسێک دەتوانێت بەڕێوەبەرایەتی یان بەشی سەرپەرشتی پەناگەکان لە بوونی ئاژەڵی نەخۆش و ئەوانەی پێویستیان بە چاودێری تایبەت هەیە، ئاگادار بکاتەوە.

**ماددەی (٥):**

لیژنەیەکی پسپۆڕ لە پزیشکانی ڤێتێرنەری بەڕێوەبەرایەتییەکان، بە هەماهەنگی فەرمانگە پەیوەندیدارەکانی سەر بە وەزارەتەکانی ناوخۆ و شارەوانی و گەشتوگوزار و تەندروستی و دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگە، لە هەر پارێزگا و ئیدارەیەکی سەربەخۆ، بڕیار دەدەن سەبارەت بە ڕاگرتنی هاوسەنگی زۆربوون و لەناوچوونی ئاژەڵان، پاڵپشت بە پێوەر و ڕێکاری تەندروستی ڤێتێرنەری هاوچەرخ.

**ماددەی (٦):**

**یەکەم:**

١- سەرۆکی یەکە کارگێڕییەکان بەهەماهەنگی لایەنە پەیوەندیدارەکان، شوێنی بازاڕ وگۆڕەپانی کڕین و فرۆشتنی ئاژەڵی ماڵی و پێشانگاکانی خستنەڕووی ئاژەڵان بە ڕەچاوکردنی یاسا و پێڕەو و ڕێنماییە بەرکارەکان، دیاریدەکەن.

٢- بەڕێوەبەرایەتی چاودێری مەرجی تەندروستی و تەکنیکی ئەو گۆڕەپان و پێشانگایانەی کە لەخاڵی (١)ی ئەم بڕگەیەدا هاتوون، لە ئەستۆ دەگرێت.

**دووەم:** مامەڵەکردن بە ئاژەڵ و پەلەوەری کێوی لە گۆڕەپان و پێشانگاکانی کڕین و فرۆشتنی هاتوو لە خاڵی (١)ی بڕگەی (یەکەم)ی ئەم ماددەیە قەدەغەیە.

**سێیەم:**

١- هەر کەسێک، لە شوێنێکی بەدەر لەو شوێنانەی کە بە ڕێکاری هاتوو لە بڕگەی (یەکەم)ی ئەم ماددەیە دیاریدەکرێت کڕین یان فرۆشتن ئەنجام بدات، بە پێبژاردنێک کە لە (٢٥٠,٠٠٠) دووسەد و پەنجا هەزار دینار کەمتر نەبێت و لە (٥٠٠,٠٠٠) پێنج سەد هەزار دینار زیاتر نەبێت سزا دەدرێت.

٢- خاوەنی شوێنی کڕین و فرۆشتنی ئاژەڵی ماڵی و خاوەنی شوێنی بەخێوکردنی بەکۆمەڵی ئاژەڵ، و پێشانگاکانی خستنەڕووی ئاژەڵان بە پێبژاردنێک کە لە (٢٥٠,٠٠٠) دووسەدو پەنجا هەزار دینار کەمتر نەبێت و لە(١,٠٠٠,٠٠٠) یەک ملیۆن دینار زیاتر نەبێت، بۆ هەر سەرپێچییەکی بڕگەی (دووەم)ی ئەم ماددەیە، سزا دەدرێت.

٣- سزای هاتوو لەم بڕگەیەدا دەبێت بە دوو هێندە، لە کاتی دووبارەبوونەوەی هەمان سەرپێچی.

٤- سەرباری سەپاندنی سزای هاتوو لە خاڵی (٣)ی ئەم بڕگەیە، بەڕێوەبەرایەتی گشتی دەتوانێت بەشێوەی کاتی یان هەمیشەیی، بڕیاری داخستنی شوێنەکە بدات.

**ماددەی (٧):**

**یەکەم:**

١- ئەم کردارانە دەرهەق بە ئاژەڵە ماڵی و بێلانەکان قەدەغەیە:-

أ- ئەنجامدانی هەر ڕەفتارێکی بە ئەنقەست، کە ببێتە هۆی ئەشکەنجەدانی ئاژەڵ یان زیان پێگەیاندنی.

ب- ژەهراوی کردن بە ئەنقەست یان لە ئەنجامی کەمتەرخەمی.

ج- بەقوربانیکردنی ئاژەڵێکی ماڵی بە مەبەستی ڕاوکردن یان کوشتنی ئاژەڵێکی دیکە.

د- سازدانی شەڕ لە نێوان ئاژەڵێک و ئاژەڵێکی دیکە یان پەلەوەر و پەلەوەرێکی دیکە، بەشێوەیەک ببێتە مایەی زیان پێگەیاندن یان کوشتنی یەکێکیان.

هـ- بەکارهێنانی هەر دەرمانێکی وزەبەخش یان هۆرمۆن یان سترۆیدەکان بۆ ئاژەڵ، بەبێ بڕیاری پزیشکی ڤێتێرنەری.

و- بڵاوکردنەوەی وێنە و گرتەی ڤیدیۆیی تایبەت بە کردارەکانی هاتوو لەم بڕگەیەدا لە دەزگاکانی ڕاگەیاندن و تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان.

٢-

أ- هەر کەسێک یەکێک لەو کردارانەی هاتوو لە بڕگەی (یەکەم)ی ئەم ماددەیە، دەرهەق بە ئاژەڵی ماڵی یان ئاژەڵی بێلانە ئەنجامبدات، بە پێبژاردنێک کە لە (٢٥٠,٠٠٠) دووسەد و پەنجا هەزار دینار کەمتر نەبێت و لە (١,٠٠٠,٠٠٠) یەک ملیۆن دینار زیاتر نەبێت، سزا دەدرێت.

ب- ئەگەر سەرپێچیکار پیشەی کڕین و فرۆشتن و مامەڵەپێکردنی ئاژەڵان بێت، سزای پێبژاردنەکەی دەبێتە دوو هێندە.

**دووەم:**

١- هەر کەسێک بە ئەنقەست و بە نارەوایی ئاژەڵی ماڵی یان بێلانە بکوژێت، بە بەندکردن بۆ ماوەیەک کە لە (١) یەک مانگ کەمتر نەبێت یان بە پێبژاردنێک کە لە (١,٠٠٠,٠٠٠) یەک ملیۆن دینار کەمتر نەبێت و لە (٣,٠٠٠,٠٠٠) سێ ملیۆن دینار زیاتر نەبێت، سزا دەدرێت.

٢- ئەم بارانەی خوارەوە بە بارودۆخی توندکردنی سزا دادەنرێن بۆ مەبەستی هاتوو لە خاڵی (١)ی ئەم بڕگەیە:-

أ. ئەگەر کوشتنەکە بە هۆی بەکارهێنانی ژەهرەوە بێت.

ب. ئەگەر کوشتنەکە بە ڕێگایەکی دڕندانە بێت.

ج. ئەگەر کوشتنەکە بەرامبەر بڕە پارەیەک یان سودێک بێت.

د. ئەگەر بکەر تاوانەکە دووبارە بکاتەوە.

٣- ئەگەر کوشتنەکە بە هەڵە یان بە هۆکاری کەمتەرخەمی یان بەبێ مەبەست بێت، ئەوا کەسەکە بە پێبژاردنێک کە لە (١٠٠,٠٠٠) سەد هەزار دینار کەمتر نەبێت و لە (٥٠٠,٠٠٠) پێنج سەد هەزار دینار زیاتر نەبێت، سزا دەدرێت.

**ماددەی (٨):**

**یەکەم:**

١- بەخێوکردن یان ڕاهێنانی ئاژەڵ بە کۆمەڵ لە ناوەندی پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆ و قەزا وناحیە و ئەو گوندانەی کە شارەوانیان هەیە، قەدەغەیە.

٢- بەخێوکردنی ئاژەڵ بە تاک، ئەگەر ببێتە هۆکاری شێواندنی سیمای شارستانی و ئاوەدانی و زیانی تەندروستی و ژینگەیی، قەدەغەیە.

**دووەم:**

١- حوکمی خاڵی (١)ی بڕگەی (یەکەم)ی ئەم ماددەیە، باخچەی ئاژەڵان و پرۆژەی بەخێوکردن وپەروەردەکردنی ئاژەڵان بۆ ئامانجی زانستی، و پێشانگای خستنەڕووی ئاژەڵ و پەلەوەر بۆ مامەڵەپێکردن، و هەر شوێن و ئاژەڵێکی دیکە کە نەبێتە هۆکاری شێواندنی سیمای شارستانی و ئاوەدانی و زیانی تەندروستی و ژینگەیی، ناگرێتەوە.

٢- شوێنی بەخێوکردن و پەروەردەکردنی ئاژەڵان بەو مەرجانەی لە خاڵی (١)ی ئەم بڕگەیەدا هاتووە، دوای تۆمارکردن لە ژێر چاودێری و پشکنینی تەندروستی ڤێتێرنەری بەڕێوەبەرایەتیەکاندا، دەبێت.

٣- ژمارەی ئاژەڵ و جۆرەکەی، مەرج و هۆکارەکانی شێواندنی سیمای شارستانی و ئاوەدانی و زیانی تەندروستی و ژینگەیی بە ڕێنمایی دیاریدەکرێت، کە وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزار بە هەماهەنگی وەزیر و دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگە دەریدەکات.

**سێیەم:** هەر کەسێک سەرپێچی حوکمی خاڵەکانی بڕگەی (یەکەم)ی ئەم ماددەیە بکات، بە پێبژاردنێک کە لە (١٠٠,٠٠٠) سەد هەزار دینار کەمتر نەبێت و لە (٢٥٠,٠٠٠) دووسەد و پەنجا هەزار دینار زیاتر نەبێت سزا دەدرێت بۆ هەر سەرپێچییەک.

**چوارەم:**

١- هەر کەسێک بە دەر لە حوکمی هاتوو لە بڕگەی (دووەم)ی ئەم ماددەیە، ئاژەڵ بەخێو بکات، بە پێبژاردنێک کە لە (٥٠,٠٠٠) پەنجا هەزار دینار کەمتر نەبێت و لە (١٠٠,٠٠٠) سەد هەزار دینار زیاتر نەبێت، بۆ هەر ئاژەڵێک، سزا دەدرێت.

٢- لە کاتی دووبارە بوونەوەی سەرپێچی هاتوو لە خاڵی (١)ی ئەم بڕگەیە، پێبژاردنەکە دەبێت بە سێ هێندە، سەرباری لابردنی سەرپێچییەکە لەسەر خەرجی سەرپێچیکار.

**ماددەی (٩):**

کەسی سروشتی یان مەعنەوی دەتوانێت ئاژەڵەماڵییەکان بەخێو بکات و ڕێگە بە زۆربوونیان بدات بۆ مەبەستی بازرگانی، یان بۆ سوود وەرگرتن و ئارەزووی کەسی، و ئەمەش بە ڕێنمایی ڕێکدەخرێت، کە وەزیر دەریدەکات.

**ماددەی (١٠):**

**یەکەم**: بەخێوکاری ئاژەڵی ماڵی پابەند دەبێت بە:-

١- بەخێوکردنی ئاژەڵ لە شوێن و ژینگەی گونجاو و دابینکردنی خۆراکی ڕێگەپێدراو کە گونجاوبێت لەگەڵ تەمەن، جۆر، بەبڕی پێویست و تەندروست، و پێداویستییەکانی دیکەی.

٢- کۆنترۆڵکردنی ئاژەڵەکە لە شوێنە گشتییەکاندا و ڕێگەگرتن لە زیانگەیاندن بە کەسانی دیکە و پاک ڕاگرتنی ژینگەی شوێنە گشتییەکان.

٣- پاراستنی تەندروستی ئاژەڵ و کوتانیان بەپێی ڕێنمایی پزیشکی ڤێتێرنەری و چارەسەرکردنیان لە کاتی نەخۆشی.

٤- بەکارهێنانی هۆکاری گواستنەوەی گونجاو و ڕێپێدراو لە گواستنەوەی ئاژەڵ و پەلەوەرەکان، بەشێوەی کۆمەڵ بێت یان تاک، بە جۆرێک کە سەلامەتی و تەندروستییان پارێزراو بێت و لەگەڵ پێوەرە کارپێکراوەکاندا بگونجێت.

٥- تۆمارکردنیان لە پەڕاوی تەندروستی ئاژەڵان.

٦- دەستبەجێ ئاگادارکردنی بەڕێوەبەرایەتی یان یەکەی کارگێڕی لە لەناوچوونی ئاژەڵان یان بوونی نەخۆشی درمی یان هاوبەش یان گومان لێیان.

٧- خراپ مامەڵە نەکردن لەگەڵ ئاژەڵ، کە ئەمانەی خوارەوە دەگرێتەوە:-

أ. بەکارهێنانی ئاژەڵەکە بۆ مەبەستێک کە لەگەڵ سروشتەکەی گونجاو نەبێت یان لەسەروی توانا و تەمەنەکەی بێت.

ب. دابین نەکردنی پەناگەی گونجاو و تەندروست بۆ پاراستنی.

ج. فەرامۆش کردن بە جۆرێک کە زیانی لێبکەوێتەوە.

د. زیندانیکردن یان سنوردارکرنی ئازادی و جوڵە بە جۆرێک کە لەگەڵ سروشتیدا گونجاو نەبێت.

ە. چارەسەرنەکردنی لە کاتی نەخۆشی یان چارەسەرکردن بەدەر لە ڕێنماییە تەندروستییە ڤێتێرنەرییەکان.

و. ناچارکردنی بە زیادەڕۆیی لە خواردن و خواردنەوە کە زیان بە تەندروستی بگەیەنێت.

ز. بەکارهێنانی لە پێشانگا و کەمپینەکانی ڕێکلام کردن و کارە هونەرییەکان ئەگەر ببێتە هۆی زیان پێگەیاندنیان.

ح. ئازاردان.

**دووەم:**

١- بەخێوکاری ئاژەڵی ماڵی بە پێبژاردنێک کە لە (١٠٠,٠٠٠) سەد هەزار دینار کەمتر نەبێت و لە (٢٥٠,٠٠٠) دووسەد و پەنجا هەزار دینار زیاتر نەبێت، سزا دەدرێت، ئەگەر سەرپێچی هەر پابەندییەک لە پابەندییەکانی هاتوو لە بڕگەی (یەکەم)ی ئەم ماددەیە بکات.

٢- لەکاتی دووبارە بوونەوەی سەرپێچی، پێبژاردنەکە دەبێت بە دوو هێندەی پێبژاردنی هاتوو لە خاڵی (١)ی ئەم بڕگەیە.

٣- سەرباری سەپاندنی سزای هاتوو لە خاڵی (١)ی ئەم بڕگەیە، بەڕێوەبەرایەتی دەتوانێت ئاژەڵەکە ڕادەستی پەناگە بکات بۆ ماوەیەکی کاتی یان هەمیشەیی.

**ماددەی (١١):**

**یەکەم:** بەخێوکاری سەگ یان پشیلە، سەرباری پابەندییەکانی هاتوو لە ماددەی (١٠)ی ئەم یاسایە، پابەند دەبێت بە:

١- تۆمارکردنی لەلای بەڕێوەبەرایەتی بە مەبەستی وەرگرتنی بەڵگەی بەخێوکردن و هێشتنەوەی لە ماڵان و شوێنگەکاندا، جگە لەو کاتانەی کە وەرزی زاوزێیە.

٢- هەڵواسینی ناو، ژمارە یان پیتی گونجاو و ناونیشانی لە گەردنی، یان بە هەر شێوازێکی دیکەی هاوچەرخ، و بەڕێوەبەرایەتی بەبێ بەرامبەر دەستبەسەر ئەو ئاژەڵانەدا دەگرێت کە بێ ناو و ناونیشانن.

٣- وەرگرتنی بەڵگەی تەندروستی ڤێتێرنەری کە سەلمێنەری کوتانی دژی نەخۆشییەکان و پشکنینی ڤێتێرنەری بێت، ئەو ئاژەڵانەی بەڵگەی تەندروستی ڤێتێرنەریان نیە کەرەنتینە دەکرێن لەسەر خەرجی خاوەنەکانیان تا دڵنیابوون لەوەی تەندروستن و بەڵگەی تەندروستییان بۆ دەکرێت.

**دووەم:** دەکرێت پابەندییەکانی هاتوو لە بڕگەی (یەکەم)ی ئەم ماددەیە بۆ بەخێوکاری هەر ئاژەڵێکی دیکە دابنرێت، کە بەپێی پێویستی جۆرەکەی بە ڕێنمایی لەلایەن وەزیرەوە دیاریدەکرێت.

**سێیەم:**

١- بەخێوکاری ئاژەڵ بە پێبژاردنێک کە لە (٥٠,٠٠٠) پەنجا هەزار دینار کەمتر نەبێت و لە (١٠٠,٠٠٠) سەد هەزار دینار زیاتر نەبێت، سزادەدرێت، ئەگەر سەرپێچی پابەندییەکانی هاتوو لە بڕگەی (یەکەم)ی ئەم ماددەیە بکات.

٢- بەخێوکاری ئاژەڵ بە پێبژاردنێک کە لە (٥٠٠,٠٠٠) پێنج سەد هەزار دینار کەمتر نەبێت و لە (١,٠٠٠,٠٠٠) یەک ملیۆن دینار زیاتر نەبێت، سزا دەدرێت ئەگەر بە ئەنقەست و بۆ زیان گەیاندن بە کەسانی دیکە سەرپێچی پابەندیەکانی ئەم ماددەیە بکات.

**ماددەی (١٢):**

**یەکەم:**

١- بەخێوکاری ئاژەڵ لەحاڵەتی دەستبەرداربوونی لە ئاژەڵەکە بە پاساوێکی ڕەوا، ئاگاداری بەڕێوەبەرایەتی دەکاتەوە بە مەبەستی داڵدەدانی لە پەناگەکان.

٢- بەخێوکاری ئاژەڵ لەو بارەی لە خاڵی (١)ی ئەم بڕگەیەدا هاتووە، لەسەر پابەندییەکانی بەردەوام دەبێت تاوەکو ڕادەستکردنی ئاژەڵەکە بە پەناگەکان.

**دووەم:**

١- بەخێوکاری ئاژەڵی ماڵی بە پێبژاردنێک کە لە (١٥٠,٠٠٠) سەد و پەنجا هەزار دینار کەمتر نەبێت و لە (٥٠٠,٠٠٠) پێنج سەد هەزار دینار زیاتر نەبێت سزا دەدرێت ، ئەگەر پێچەوانەی ڕێکاری هاتوو لە بڕگەی (یەکەم)ی ئەم ماددەیە، ئاژەڵەکە دەربەدەر بکات.

٢- سەرباری سەپاندنی سزای هاتوو لە خاڵی (١)ی ئەم بڕگەیە، بەخێوکاری ئاژەڵی ماڵی بە بەخێوکار دادەنرێت تا ئەو کاتەی ئاژەڵەکە ڕادەستی پەناگە دەکرێت.

**ماددەی (١٣):**

**یەکەم:**بەکارهێنانی ئاژەڵ لە تاقیکردنەوەکان، بۆ ئامانجی پزیشکی و زانستی ڕێگەپێدراو دوای ڕەزامەندی وەزارەتی تەندروستی یان وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی، بەو مەرجانەی کە بەڕێنمایی لەلایەن وەزیرەوە دیاریدەکرێت، ڕێگە پێدراو دەبێت.

**دووەم:**

١- هەر کەسێک سەرپێچی حوکمی بڕگەی (یەکەم)ی ئەم ماددەیە بکات، بە پێبژاردنێک کە لە (٥٠٠,٠٠٠) پێنج سەد هەزار دینار کەمتر نەبێت و لە (١,٠٠٠,٠٠٠) یەک ملیۆن دینار زیاتر نەبێت، سزا دەدرێت، بۆ هەر سەرپێچییەک.

٢- لە حاڵەتی دووبارەکردنەوەی هەمان سەرپێچی سزاکە دەبێتە دوو هێندە.

**ماددەی (١٤):**

**یەکەم:** لیژنەیەک لە سنووری پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان و لە سنووری قەزاو ناحیەکان بەپێی پێویستی، لە سەرۆکی یەکەی کارگێڕی، نوێنەری تەندروستی، ژینگە، پۆلیس، شارەوانی و بەڕێوەبەرایەتی، پێکدەهێندرێت و ئەم ئەرکانەی خوارەوە لە ئەستۆ دەگرێت:-

١- سەرپەرشتی هەڵمەتی کۆکردنەوە و کەرەنتینەی ئاژەڵی نەخۆش و ئەوانەی پێویستیان بە چاودێری تایبەت هەیە و ڕادەستکردنیان بە پەناگەکان.

٢- بڕیاردان لەسەر لەناوبردنی هەر ئاژەڵێک کە مەترسی لەسەر ژیانی مرۆڤ یان ئاژەڵێکی دیکە دروست بکات، ئەگەر ڕێگەی گونجاو نەبێت بۆ چارەسەرکردنی.

**دووەم:** لایەنە سەربازییەکان لە سنووری سەربازگەکاندا، کاری هاتوو لە خاڵەکانی (١، ٢)ی بڕگەی یەکەم بە هەماهەنگی لەگەڵ لیژنەی هاتوو لە بڕگەی (یەکەم)ی ئەم ماددەیە، لە ئەستۆدەگرن.

**ماددەی (١٥):**

پارێزگار و سەرپەرشتیاری ئیدارە سەربەخۆکان و یەکە کارگێڕییەکانی دیکە، لەسەر پێشنیازی لیژنە دەتوانن گرێبەست لەگەڵ لایەنی تایبەتمەند بە ئەرکی هاتوو لە ماددەی (١٤)ی ئەم یاسایە واژۆ بکەن، بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەت.

**ماددەی (١٦):**

ئەگەر سزایەکی توندتر بۆ کردارە تاونکارییەکانی هاتوو لەم یاسایەدا، لە یاسا بەرکارەکاندا هەبوو ئەوا سزا توندەکە جێبەجێ دەکرێت.

**ماددەی (١٧):**

کۆمەڵە و ڕێکخراوە تایبەتمەندەکانی پاراستنی ئاژەڵان و چالاکوانانی بواری ئاژەڵدۆستی وژینگەپارێزی دەتوانن دەربارەی هەر سەرپێچییەک لە حوکمەکانی ئەم یاسایە، سکاڵا تۆمار بکەن.

**ماددەی (١٨)**

وەزارەتەکانی پەروەردە و خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی، ئەوقاف وکاروباری ئاینی، ڕۆشنبیری و لاوان، و دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگە و ڕێکخراوەکانی بواری ئاژەڵدۆستی، هەماهەنگ دەبن لە هەڵمەتی هێنانەکایەی کلتوری ئاژەڵدۆستی و هۆشیارکردنەوە سەبارەت بە مافەکانی ئاژەڵ وچۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵیدا، لە قۆناغەکانی خوێندن و لەسەر ئاستی گشتی.

**ماددەی (١٩):**

**یەکەم:** (٥٠٪) لە سەدا پەنجای داهاتی ئەو پێبژاردنانەی لەم یاسایەدا هاتوون بۆ مەبەستی جێبەجێکردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە تەرخان دەکرێت.

**دووەم:** بە ڕێنماییەک کە وەزیر بە هەماهەنگی وەزیری دارایی وئابووری و شارەوانی و گەشتوگوزار دەریدەکات، بڕی پاداشتی پێویست بۆ ئەو کەسانەی کە لە کۆکردنەوەی ئاژەڵانی بێلانەدا بەشدار دەبن، دیاریدەکات.

**ماددەی (٢٠):**

ئەمانەی خوارەوە بە ڕێنمایی ڕێک دەخرێت، کە وەزیر بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزیری شارەوانی وگەشت وگوزاری هەرێم دەریدەکات:-

١- گۆڕەپانی کڕین و فرۆشتنی ئاژەڵان و پێشانگای خستنە ڕووی ئاژەڵان بۆ مامەڵەکردن، لەبەر ڕۆشنایی یاسا بەرکارەکانی هەرێم.

٢- مەرجەکانی پەناگە و پێداویستییەکانی.

٣- مەرجەکانی گواستنەوەی ئاژەڵان.

٤- ڕێکخستنی کاری کۆمپانیا و نووسینگەکانی بەبازاڕکردن و هاوردە و هەناردەکردنی ئاژەڵان.

**ماددەی (٢١):**

وەزیر ڕێنمایی بۆ ئاسان جێبەجێکردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەردەکات.

**ماددەی (٢٢):**

کار بە دەقی هیچ یاسا یان بڕیارێک ناکرێت کە لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایەدا ناکۆک بێت.

**ماددەی (٢٣):**

پێویستە لەسەر لایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.

**ماددەی (٢٤):**

ئەم یاسایە دوای (٩٠) ڕۆژ لە ڕێکەوتی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان)دا، جێبەجێ دەکرێت.

**هۆیەکانی دەرچوواندن**

لە پێناو پاراستنی ئاژەڵان و ڕێکخستنی شێوازی مامەڵەکردن لەگەڵیاندا، و بۆ ڕێکخستنی ئەو بوارانەی لە یاسا بەرکارەکانی هەرێمدا ڕێک نەخراون، و بۆ چەسپاندنی کلتوری ئاژەڵدۆستی، ئەم یاسایە دەرچووێندرا.

**نێچیرڤان بارزانی**
**سەرۆکی هەرێمی کوردستان**

**هەولێر**
**٢٠٢٣/٢/٥**

**وەزارەتی تەندروستی**
**ژمارە: ٢٧٤٣ لە ٢/١٥/ ٢٠٢٣**

پاڵپشت بە ئەحکامی ماددەی ( ١٠٥) لە یاسای تەندروستی گشتی ژمارە (٨٩)ی ساڵی ١٩٨١ و مادده (٥٩) لە یاسای دەستدانە پیشەی دەرمانسازی ژمارە (٤٠)ی ساڵی ١٩٧٠ و مادده (٧) لە یاسای وەزارەتی تەندروستی هەرێمی کوردستان- عێراق ژمارە ( ١٥) ساڵی ٢٠٠٧، بڕیاردرا بە دەرکردنی ئەم ڕێنماییەی خوارەوە:

**ڕێنمایی ژمارە (٩)ی ساڵی ٢٠٢٣**

**ڕێنمایی بەرهەمی (دەرمانسازی/ پزیشکی) لە هەرێمی کوردستان - عێراق**

**ماددەی (١): پێناسەکان**

مەبەست لەم دەستەواژانەی خوارەوە، واتاکەی بەرامبەریانە، لەهەر کوێیەکی ئەم ڕێنماییانەدا هاتبن:

١- **هەرێم:** هەرێمی کوردستان -عێراق

٢- **وەزارەتی تەندروستی فیدراڵی:** وەزارەتی تەندروستی عێراقی فیدراڵ

٣- **وەزارەت:** وەزارەتی تەندروستی حکومەتی هەرێم

٤- **بەڕێوەبەرایەتی:** بەڕێوەبەرایەتی کۆنترۆلکردنی هێنان و دروستکردنی دەرمان و ئامێر و پێداویستی پزیشکی لە کوردستان

٥- **دەستەی ڕێکخستن:** دەستەیەکی حکومییە کە بەرپرسە لە دانانی پێوەرەکانی کوالیتی بۆ (بەرهەمی دەرمانسازی/ پزیشکی)، هەروەها دانانی ڕێکار و ڕێنمایی پێویست لەپێناو پاراستنی تەندروستی مرۆڤ.

٦- **دەستەکانی ڕێکخستنی سەرچاوەیی:** کیانی نێودەوڵەتین، ئاستێکی بەرزی ڕێکخستنیان هەیە، ئەو بڕوانامانەی کواڵیتی کە لەلایانەوە دەردەچن، جێی متمانە و باوەڕپێکراون.

٧- **دەرمان:** هەر ماددەیەک یان تێکەڵەی چەند ماددەیەکی (سروشتی، کیمیایی، گیایی یان بایۆلۆجی) ە کە لەسەر شێوەیەکی دەرمانسازی دروست دەکرێت. (أ) شێوەی دەرکەوتن یان پاکەتبەندی بەرهەمەکە ئاماژە بۆ چارەسەری نەخۆشی یان ڕێگریکردن لە نەخۆشی دەکات. وە/یان (ب) بۆ جێبەجێکردنی یەکێک لەم کردارانە لە لەشی مرۆڤدا بەکاردێت (گەڕاندنەوە، ڕاستکردنەوە یان ڕێکخستنەوەی کرداری فیسیۆلۆجی یان پێکهاتەی لەش)، ئەوەش بە کردارێکی دەرمانسازی، ئیمیونۆلۆجی، زیندەکرداری، یانیش بۆ دەستنیشانکردنی نەخۆشی.

٨- **بەرهەمی دەرمانسازی:** هەر بەرهەمێک کە کۆتاشێوەی لەسەر یەک لە شێوەکانی دەرمانسازی ئامادەکراوە یان دروستکراوە.

٩- **بەرهەمی پزیشکی:** بەرهەمێکی نادەرمانیە کە لەبواری پزیشکیدا بەکاردێت.

**دەرمـانی داهێنـراو:** ئەو دەرمـانەیە کە بە پێکهـاتەیەکی نـوێ و کـاریگەر، دروسـتکراوە و بڕوانـامەی پاکانەی داهێنانی بەدەست هێناوە.

١٠- **دەرمانی هاوتا:** ئەو دەرمـانەیە بە نـاوی زانسـتی دەرمـانەکەوە یـان نـاوی بازرگـانی تـایبەت بەو کۆمپانیایەی خاوەنی مافی بەبازاڕکردنیەتی، بەرهەم دێت و بەبـازاڕ دەکرێـت. هەمـان پێکهـاتەی کارای دەرمانی داهێنراوی تێدایە و هاوتەرازی ئەوە.

١١- **ڕێبەری ڕێنمایکردن:** بەڵگەنامەیەکە تایبەت بە فەرمانبەرانی بەڕێـوەبەرایەتی و کەرتـی تـایبەت، کە لەلایەن بەڕێوەبەرایەتیەوە دەردەچێت تێیـدا پێداویسـتی هـونەری و کـارگێڕی و ڕێوشـوێنی جێبەجێکردنی ڕێنماییەکانی تێدا پارێزراوە و پاڵپشت بە پێوەری نەتەوەیی و نێونەتەوەیی، نوێ دەکرێتەوە.

١٢- **پـۆلێنکردن:** کـرداری بژارکـردن و تاکـانەوەی بەرهەمـی دەرمانسـازی/پزیشـکی لەسـەر بنەمـای پێکهـاتەکەی یـان شـێوازی بەکارهێنـان یـان دروسـتکردنی بـۆ: دەرمـان، پێداویسـتی پزیشـکی، بەرهەمی تەندروستی و بەرهەمی جوانکاری.

١٣- **تۆمارکردن:** پرۆسەیەکە کە تێیدا، کۆمپانیای بەرهەمهێنەر و پێگەی کـارگە و کۆمپانیـای خـاوەن مافی بەبازاڕکردن و بەرهەمی دەرمانسـازی/پزیشـکی دەخرێنەژێـر خوێنـدنەوە و هەڵسـەنگاندنی تەکنیکیەوە پێش ئەوەی مۆڵەتیان پێ ببەخشرێت.

١٤- **بەلیستکردن:** کرداری نووسینەوەی زانیاریی تایبەت بە بەرهەمی دەرمانسازی /پزیشـکی بـۆ نـاو داتابێسی بەڕێوەبەرایەتی.

١٥- **کۆمپانیـای بەرهەمهێـنەر:** ئەو کۆمپانیـاییە کە کـاری بەرهەمهێنـان یـان پەرەپێـدان یـان دیـزاین کردنی یان گشت ئەو کردارانەی بەرهەمی (دەرمانسازی/ پزیشـکی) دەکـات وە بەرهەمەکە لەژێـر ناوی خـۆی یـان نیشـانەی بازرگـانی تـایبەت بەخـۆی بەبـازاڕ دەکـات. مەرج نـیە کـارگەی تـایبەت بەخۆی هەبێت.

١٦- **پێگەی کارگە:** ئەو شوێنەی کرداری بەرهەمهێنانی تێدا دەکرێت. لە یەک یان چەنـد باڵەخـانەیەک پێکدێت کە موڵکی کۆمپانیای بەرهەمهێنەرە، یان بە کرێی گرتووە.

١٧- **هاوردەکـار:** کۆمپانیـایەکی بازرگـانی لەلایەن وەزارەتەوە تۆمـارکراوە و مۆڵەتپێـدراوە. لەلایەن کۆمپانیایەکی بیانیشەوە بۆ نوێنەرایەتیکردنی لە هەرێمدا، دەسەڵاتی پێدراوە، هاوردەکار ئەرکی هێنانی بەرهەمی پزیشکی/دەرمانسازییەکانی لەئەستۆدایە، هەر ئەویش بەرپرسـیارە لە کـواڵیتی بەرهەمەکان تا ئەو کاتەی دەگەنە دەستی دەروازەی فرۆشتن.

مـۆڵەتی هـاوردەکردن: بەڵگەنـامەیەکە کە دەسـەلمێنێت کە ئەو بەرهەمە سـەرجەم پێویسـتیە هونەرییەکانی هاوردەکردنی دابین کردووە.

١٨- **خاوەنی مافی بەبازاڕکردن:** ئەو کۆمپانیایەیە کە لایەنی پەیوەندیدار یاخود بەڕێوەبەرایەتی بۆ ڕێکخستنی ڕێنمایی مۆڵەتی پێداوە بۆ بەبازاڕکردنی بەرهەمی دەرمانسازی/پزیشکی لەناو هەرێم یاخود وڵاتی سەرچاوگە.

١٩- **پەسەند کردنی بەڵگەنامە:** ئەو پرۆسەیەیە کە دەسەلمێنێت ئەو بەڵگە یان بڕوانامەیە لەلایەن دەسەڵات یان کیانێک لەناو ووڵاتی بەرهەمهێنەرەوە یاخود وڵاتی سەرچاوگە دەرچووە، بەبێ ئەوەی هیچ ئاماژەیەک بە دروستی یان نادروستی ناوەرۆکەکەی بدات. مۆری وەزارەتی دەرەوە و باڵیۆزخانەی عێراق یان نوێنەرایەتی هەرێم لە وڵاتی بەرهەمهێنەری یاخود وڵاتی سەرچاوگەی پێوەیە.

٢٠- **ڕێکارەکانی ڕێکخستن:** ئەو قۆناغ و هەنگاوانەیە کە بەرهەمی (دەرمانسازی/پزیشکی) تێیان دەپەڕێنێت، لەپێناو بەدەستهێنانی مۆڵەتی داواکراو لە بەڕێوەبەرایەتی.

٢١- **بەڵگەنامەی ڕەسەن:** ئەو بەڵگەنامەیەیە کە لەلایەن دەسەڵات یان کیانێکەوە دەرچووە کە هەڵگری زانیاریی پێویست تایبەت بە بابەتەکەیە و مۆر و ئیمزای زیندووی لەسەرە.

٢٢- **بەڵگەنامەی کۆپی:** وێنەیەکی کۆپیکراو لە بەڵگەنامەی ڕەسەن.

٢٣- **واژووی ئەلیکترۆنی:** نیشانەیەکە لەشێوەی پیت، ژمارە، هێما، دەنگ یان هەر نیشانەیەکی تر بەشێوەی دیجیتاڵ لکێنراوە بە دۆکیومێنتێک، کە نیشاندەری پەیوەندییەتی لەگەڵ خاوەنی واژوو. ئیمزای ئەلیکترۆنی کاتێک باوەڕپێکراوە، کە بەڵگەی پێویست لەخۆ بگرێت بۆ ناسینەوەی خاوەن ئیمزاکە و سەلماندنی ڕەزامەندیی خاوەنی ئیمزاکە لەسەر ئەو بابەتانەی کە لە بەڵگە ئەلیکترۆنیەکەدا ئاماژەیان پێکراوە.

٢٤- **بەرهەمی ساختە:** ئەو بەرهەمەیە کە لەسەر بەرهەمێکی فەرمی ڕەسەن ساختە کراوە. بۆ مەبەستی دزینی ناو و ڕەسەنایەتی ئەو بەرهەمە، تا بتوانێ ببێتە جێگرەوەی ئەو بەرهەمە بۆ هەڵخەڵەتاندنی خەڵک تا نیشان بدات کە ئەم بەرهەمە، هاوتای بەرهەمە ڕەسەنەکەیە.

٢٥- **بەرهەمی خەوشدار:** ئەو بەرهەمەیە کە هاوتا نییە لەگەڵ پێوەرە بنەڕەتیەکانی کوالیتی (هێز، کاریگەری، بێگەردی، پاکتاویی، ڕێژەی توانەوەی بەرهەمەکە لەناو لەشدا، یەکنەبوونی کێش و پێکهاتە).

٢٦- **بەرهەمی چەواشەکەر:** ئەو بەرهەمەیە کە ڕووبەرگی دەرمانەکە و/ یان دەرماننامەکەی، زانیاری نادروست و چەواشەکارانە پێشکەش دەکات.

٢٧- **بەرهەمی هاوتەریب:** ئەو بەرهەمەیە کە هاوردەی هەرێم دەکرێت و بەشێوەیەکی فەرمی دروستکراوە و خەسڵەتەکانی هاوتای پێوەرەکانی کۆمپانیای داهێنەرە، بەڵام بەبێ وەرگرتنی مۆڵەت لە بریکاری تاکانەی تۆمارکراو بۆ ئەو بەرهەمە لەناو هەرێمدا.

٢٨-**وولاتی سەرچاوگە:** ئەو وڵاتەی کە بەرهەمەکەی تیا بەدەستدێت، یان دروستدەکرێت، یانیش دوایین پرۆسەی بەرچاوی ئابووری، تێدا هەموار دەکرێت، یان هەر لەوێ بۆی دەکرێت.

٢٩-**بڕوانامەی سەرچاوگە:** بڕوانامەیەکە کە لەلایەن دەستەی سەرپشککراو لە وڵاتی سەرچاوگەوە دەردەچێت، تێیدا وردەکاری کاڵاکانی تێدایە، بۆ مەبەستی دیاریکردنی ئەو تێچووەی کە دەبێت لە بەرامبەریاندا وەربگیرێن.

٣٠-**دەرمان و ماددەی ژێرکۆنترۆڵ:** ماددەی خاو یان بەرهەمی (دەرمانسازی/پزیشکی)ن کە یەک یان زیاترلەیەک ماددەی تێدایە کە لە لیستەکانی (بۆردی نێودەوڵەتی بۆ کۆنترۆڵکردنی ماددەی هۆشبەر) دایە، یانیش لە لیستەکانی یاسای ماددە هۆشبەرەکان و کارتێکەرە عەقلیەکانی هەرێمی کوردستان ژمارە (١) ی ساڵی ٢٠٢٠ دا هەیە یانیش هەر ماددەیەک کە لەسەر داوای وەزارەتەوە، بە ماددەیەکی ژێرکۆنترۆڵ پەسەند کرابێت.

٣١-**ماددەی بەسەرچوو:** ئەو ماددانەن کە شیاو نین بۆ بەکارهێنان بە هۆی بەسەرچوونی ماوەی دیاریکراو کە دانراوە لەلایەن کارگەی بەرهەمهێن.

٣٢-**ماددەی نەخواستراو:** هەر بەرهەمێکی نایاسایی (سەرچاوەی نادیار).

٣٣- **هەڵسەنگاندن:** پرۆسەی هەڵسەنگاندنی بەرهەمی (دەرمانسازی/ پزیشکی) واتە خوێندنەوە بۆ دۆخی بەرهەمەکە لە بوارەکانی: دۆخی تۆماری بەرهەمەکە و هەروەها تۆماری کارگەی بەرهەمهێنەری بەرهەمەکە لە بەڕێوەبەرایەتی، دۆخی وڵاتی بەرهەمهێنەر لە ڕیزبەندی وڵاتانی سەرچاوە، دۆخی شیکردنەوەی تاقیگەیی بۆ بەرهەمەکە و کارگەی بەرهەمهێنەری لە تاقیگەکانی بەڕێوەبەرایەتی.

٣٤-**شیکردنەوەی تاقیگەیی:** ئەو پرۆسەیەیە کە تێیدا بەرهەمی (دەرمانسازی/ پزیشکی) هەموو شیکردنەوەکانی فیزیاوی، کیمیاوی و مایکرۆبایۆلۆجی لەسەر دەکرێت، لەپێناو دڵنیابوونەوە لە کواڵیتی بەرهەمەکە.

٣٥-**مۆڵەتی بەکارهێنان:** نووسراوی مۆڵەتی بەکارهێنان، نووسراوێکە کە ماف دەدات بە لایەنی داواکاری مۆڵەتی بەکارهێنان، کە بەرهەمە (دەرمانسازی/ پزیشکی) یەکەی، مامەڵەی کڕین و فرۆشتنی پێوە بکات و هەروەها بتوانێت بەرهەمەکانی بداتە بەکارهێنەر (نەخۆش).

٣٦-**چاودێری کاریگەریە لاوەکیەکانی دەرمان**: زانست و ئەو کردارانەیە کە پەیوەندی بە دۆزینەوە، هەڵسەنگاندن، تێگەیشتن، هەروەها ڕێگریکردن لە کاریگەریە لاوەکیەکان یاخود هەر کێشەیەک کە پەیوەندی بە دەرمانەوە هەبێت.

**ماددەی (٢): ئامانج**

ئامانجی ئەم ڕێنماییانە، دەستەبەرکردنی بەرزترین ئاستی ڕەزامەندیە لە دڵنیایی و کاریگەری و کواڵیتی، لەگەڵ نزمترین ئاستی مەترسی بەرهەمی (دەرمانسازی/پزیشکی)، لەڕێی پەیڕەوکردنی پێوەری نەتەوەیی و نێونەتەوەیی و ئەزموونی سەرکەوتووی وڵاتان لەم بوارەدا.

**ماددەی (٣): دەسەڵاتەکان**

١- وەزارەتی تەندروستی/ بەڕێوەبەرایەتی کۆنترۆلکردنی هێنان و دروستکردنی دەرمان و ئامێر و پێداویستی پزیشکی تاکە دەزگای حکومییە کە بەرپرسە لە جێبەجێکردنی ئەم ڕێنماییە.

٢- بڕگە وماددەکانی ئەم ڕێنماییە دەبێت لەلایەن گشت دامەزراوە و کیان و کەسانی نێو سنووری کارگێڕیی هەرێمدا، جێبەجێ بکرێن.

٣- بە بەڵگەکردنی گشت ڕێکارەکانی هونەری و کارگێڕی و یاسایی، کە بەڕێوەبەرایەتی بەکاریان دێنێت، لەسەر ئاستی ستاندەری پراکتیزەکردنی بەڵگەنامەسازی باش.

٤- بە مەبەستی کەمکردنەوەی ڕۆتین، خێراکردنی ڕاییکردنی مامەڵەکان، کەمکردنەوەی بەکار هێنانی کاغەز و ژینگەپارێزی هەروەها، خۆ گونجاندن لەگەڵ پێشکەوتنی تەکنۆلۆجیا پێویستە بەڕێوەبەرایەتی گشت نوسراوەکان، ڕێکارەکانی ڕێکخستن و بەڵگەنامەکان بەپێی توانا بەشێوەی ئەلیکترۆنی دەربکات/ئەرشیف بکات.

٥- دەبێت بەڕێوەبەرایەتی ڕێبەرێکی ڕێنمایی تایبەت بە دەستەکانی ڕێکخستنی سەرچاوەیی دابنێت لەگەڵ دەرچوونی ئەم ڕێنماییانە لایەنی کەم هەر دوو (٢) ساڵ جارێک پێداچوونەوەی بۆ بکرێت و لەدوای (٣) مانگ دەبێتە مەرج.

٦- لەکاتی هەر گۆڕانکارییەک لە ڕێبەری ڕێنماییدا، دەبێت ماوەیەکی دیاریکراو دابنرێت تا کۆمپانیای ڕاسپێردراو (هاوردەکار) بتوانێت کارەکانی خۆی لە چوارچێوەی ڕێنمایی نوێدا ڕێکبخات.

٧- دەبێت بەڕێوەبەرایەتی بە هەماهەنگی لەگەڵ سەندیکای دەرمانسازان و وەزارەت ڕێبەرێکی ڕێنمایی تایبەت بە کردەکانی ڕێکلام کردن و برەودان بە بەرهەمی دەرمانسازی/پزیشکی دابنێت لە ماوەی نۆ (٩) مانگ لە دەرچوونی ئەم ڕێنماییانە و لایەنی کەم هەر دوو ساڵ جارێک ڕێبەری ڕێنماییەکە پێداچوونەوەی بۆ بکرێت، هەر گۆڕانکاریەک لە ڕێبەرەکەدا بکرێت لەدوای شەش (٦) مانگ لە گۆڕانکاری کردنەکە دەبێتە مەرج.

٨- بەڕێوەبەرایەتی مافی ئەوەی هەیە بەشێوەی ڕێککەوتن یان گرێبەست داوای هاوکاری لەلایەنی حکوومی یان کەرتی تایبەت لەناوەوە یان دەرەوەی هەرێم بکات، بۆ مەبەستەکانی خزمەتگوزاریی هونەری، لە بوارەکانی خولی ڕاهێنان، تۆمارکردن، پشکنین و شیکردنەوەی تاقیگەیی، ئەویش لەدوای وەرگرتنی ڕەزامەندی پێویست.

**ماددەی (٤): (پۆلێنکردنی بەرهەمەکان)**

١- بەرهەمی (دەرمانسازی/پزیشکی) دوای بەدیهێنانی ڕێکارەکانی ڕێکخستن بەبازاڕ دەکرێن، بەپێی پۆلێنکردنیان بەگوێرەی ئەم ڕێنماییانە.

٢- دەبێـت بەڕێـوەبەرایەتی، ڕێبەرێکـی ڕێنمـاییکردنی تـایبەت بـۆ پـۆلێنکردن و پێداویسـتییەکانی لەمـاوەی چـوار (٤) مانـگ لە دەرچـوونی ئەم ڕێنماییـانەوە دابنێـت لایەنـی کەم هەر دوو سـاڵ جارێکیش ڕێبەری ڕێنماییەکە پێداچوونەوەی بۆ بکرێت، هەر گۆڕانکاریەک لە ڕێـبەرەکەدا بکرێـت لەدوای شەش (٦) مانگ لە گۆڕانکاری کردنەکە دەبێتە مەرج.

**ماددەی (٥): (هاوردەکار و کۆمپانیای هەڵگری مافی بەبازاڕکردن)**

**یەکەم: هاوردەکار:**

١- تەنهـا هاوردەکـار مـافی هەیە بەدواداچـوون بـۆ ئەو کاروبـارانەی ڕێکخسـتنی هـاوردەکردن و بەبازارکردنی بەرهەمی (دەرمانسازی/پزیشکی) بکات کە لەم ڕێنماییەدا ئاماژەیـان پێکـراوە، تەنها لەبارێکدا، جگەلەمە باسکرابێت.

٢- هەر دوو ساڵ جارێک مۆڵەتی هاوردەکار نوێ دەکرێتەوە لە ڕێکەوتی پێدانی یەکەم مۆڵەتەوە.

٣- دەبێت هاوردەکار هەموو تواناکانی هونەری، کارگێڕی و دارایی و زانستی هەبێت بۆ بەڕێـوەبردنی پرۆسەی هاوردەکردن و دابەشکردن.

٤- دەبێت بەڕێوەبەرایەتی، ڕێبەرێکی ڕێنمـایی تـایبەت بـۆ پێـدانی مـۆڵەت و نـوێکردنەوەی مـۆڵەتی هاوردەکردن دابنێت لەماوەی سێ (٣) مانگ لە دەرچـوونی ئەم ڕێنماییـانە و لایەنـی کەم هەر دوو ساڵ جارێکیش ڕێبەری ڕێنمـاییەکە پێـداچوونەوەی بـۆ بکرێـت، هەر گۆڕانکـاریەک لە ڕێـبەرەکەدا بکرێت لەدوای نۆ (٩) مانگ لە گۆڕانکاری کردنەکە دەبێتە مەرج.

٥- هەر کۆمپانیـایەکی هاوردەکـار دەبێـت بەڕێـوەبەرێکی هـونەری هەبێـت کە بەرپرسـیار بێـت لە کاروباری ڕێکخستن و هونەری تایبەت بە بەرهەمی (دەرمانسازی/پزیشکی).

٦- کـار و چالاکییەکـانی هاوردەکـار پشـت دەبەسـتێت بە پـۆلێنی ئەو بەرهەمە (دەرمانسـازی /پزیشکی)یانەی کە هاوردە و دابەش دەکات.

٧- کاروچالاکییەکانی هاوردەکار، ئاستی پێویست لە ئەزمـوون و لێهـاتوویی بەڕێـوەبەرە هـونەریەکە دیاری دەکات (پزیشکی دەرمانساز بۆ هەموو جۆرە چالاکییەکان، پزیشک بۆ کەل و پەلی پزیشکی، پزیشکی ددان بۆ کەل و پەلی پزیشکی ددان، بایۆلۆجیست یان کیمیاوی بـۆ کەل و پەلـی تـاقیگە، ئەندازیاری پزیشکی بۆ پێداویستی و ئامێری پزیشکی).

٨- کاروچالاکییەکانی هاوردەکـار، ڕێکارەکـانی ڕێکخسـتنی داواکـراو دەستنیشـان دەکـات، کە دەبێـت پەیڕەو بکرێن، بەئامانجی وەرگرتنی مۆڵەت بۆ بەرهەمی (دەرمانسازی/پزیشکی).

٩- دەبێت بەڕێوەبەری هونەری، دانیشتووی هەرێم بێت، خزمەتی لە پێـنج (٥) سـاڵ کەمتـر نەبێـت و ئەندامی سەندیکای تایبەت بە پیشەکەی بێت.

١٠-هاوردەکار، تەنها لەپاش تەواوکردنی ڕێوشوێنەکانی ڕێکخستن، دەتوانێت کاڵاکانی بەبازاڕ بکات.

١١- هاوردەکار مافی فرۆشتنی بەرهەمەکانی بەم لایەنانەی خوارەوە هەیە:
أ- نەخۆشخانە، بەش و بنکە تەندروستیە حکومیەکان.
ب- ئەو عەمبار و کۆگایانەی دەرمان کە بەشێوەی فەرمی مۆڵەتیان لە وەزارەت یان سەندیکای دەرمانسازانی کوردستان وەرگرتووە
ج- ئەو ناوەند و نەخۆشخانە تایبەتانەی کە بە فەرمی مۆڵەتیان وەرگرتووە.
د- ڕێکخراوە ناحکومی و خێرخوازییەکان کە لەلایەن وەزارەتەوە مۆڵەتیان وەرگرتووە.
ه- ئەو کۆمپانیانەی لەناو هەرێمدا کار دەکەن و بنکە و تیمی پزیشکی تایبەت بە کارمەندانی خۆیان لە پێگەی کاردا هەیە.
و- هاوردەکارێکی تر کە لەلایەن وەزارەتەوە تۆمارکراوە و مۆڵەت پێدراوە، بە مەبەستی دابەشکردن، بەشدارییپێکردن لە تەندەر، یاخود فرۆشتنی بەو لایەنانەی لە خاڵەکانی (أ) تاکو (هـ) ئاماژەیان پێکراوە. لەم بارەدا بەرپرسیارێتی کواڵیتی، سەلامەتی، وە کاریگەری بەرهەمەکان دەکەوێتە ئەستۆی هاوردەکاری دووەم لە بەرواری وەرگرتنی بەرهەمەکان لە هاوردەکاری یەکەم. بەرپرسیارێتە کارگێڕی و ڕۆتینیەکانی تری پەیوەست بە بەڕێوەبەرایەتی لە ئەستۆی هاوردەکاری یەکەم دەبێت.
١٢- دەبێت هاوردەکار، گشت زانیاری و دۆکیومێنتەکانی تایبەت بە بەرهەمی هاوردەکراو، بەشێوەی دیجیتاڵ بەلایەنی کەم بۆ ماوەی پێنج ساڵ بپارێزێت ئەم بەڵگەنامانە، لەلایەن پشکنەری بەڕێوەبەرایەتیەوە (کە لەلایەن وەزیرەوە، متمانە پێکراون) پشکنینیان بۆ دەکرێت.
١٣- دەبێت هاوردەکار دەستەڵاتی بەبازاڕکردنی بەرهەمی (دەرمانسازی/پزیشکی) لە کارگەیەکی بەرهەمهێنان یاخود کۆمپانیایەکی بیانی خاوەن مافی بەبازاڕکردن یاخود لە کۆمپانیا ناوخۆییەکان وەربگرێت وە کارایی نووسراوی دەسەڵاتدانەکەی لە (١) یەک ساڵ کەمتر نەبێت وە لە (٣) سێ ساڵ زیاتر نەبێت.
١٤- ناکرێت دوو هاوردەکار لەلایەن هەمان کارگەی بەرهەمهێنان یاخود خاوەنی مافی بەبازاڕکردنی هەمان بەرهەم لەیەک کاتدا، دەسەڵاتیان پێبدرێت.
١٥- لە کاتی بوونی زیاتر لە یەک هاوردەکار بۆ یەک کارگەی بەرهەمهێن یاخود یەک کۆمپانیای خاوەن مافی بە بازارکردن ئەوا پێویستە لە نوسراوی دەسەڵات پێدان ئاماژە بە ناوی بەرهەمەکان کرابێت بۆ هەر هاوردەکارێک.

**دووەم: کۆمپانیای هەڵگری مافی بەبازاڕکردن:**

١- بەڕێوەبەرایەتی مۆڵەت دەداتە کۆمپانیا خۆماڵیەکان بە مەبەستی گۆڕینی چالاکی زانستیان لە هاوردەکارەوە بۆ هاوردەکار و هەڵگری مافی بەبازاڕکردن، وە پێویستە ئەو کۆمپانیانە لە بەڕێوەبەرایەتی تۆمار بکرێنەوە.

٢- بۆ پێدانی مۆڵەت پێویستە هاوردەکار پێشتر تۆمارو مۆڵەت پێدراو بێت لە وەزارەت و بەڕێوەبەرایەتی وە چالاکیەکانی تایبەت بێت بە بواری دەرمان.
٣- مەرجە بۆ گۆڕینی چالاکی بۆ هەڵگری مافی بەبازاڕکردن، هاوردەکار جگە لە بەڕێوەبەری هونەری، دەرمانسازێکی شارەزای هەبێت بۆ وەرگرتنی بەرپرسیارێتی کە ئەزموونی لە دە (١٠) ساڵ کەمتر نەبێت لە بواری کاروباری جۆری دەرمان و ئەندامی سەندیکای دەرمانسازانی کوردستان بێت.
٤- دەبێت هاوردەکار بۆ ئەوەی مۆڵەتی کۆمپانیای هەڵگری مافی بەبازاڕکردن وەربگرێت، خاوەنی سیستەمی چاودێری کاریگەریە لاوەکیەکانی دەرمان بێت، وە مەرجە لەژێر سەرپەرشتی دەرمانسازێکی ڕاهێنراو بێت لەو بوارە و ئەزموونی لە پێنج (٥) ساڵ کەمتر نەبێت و ئەندامی سەندیکای دەرمانسازانی کوردستان بێت.
٥- دوای وەرگرتنی مۆڵەت، خاوەنی مافی بەبازاڕ کردن دەبێت دۆسیەکانی ئەو بەرهەمانەی بەبازاڕیان دەکات بەشێوەی دۆسیەی تەکنیکی هاوتاکراو بەپێی ستانداردەکانی کۆنفرانسی نێونەتەوەیی بۆ هاوتاکردن پێشکەش بە بەڕێوەبەرایەتی بکات بە مەبەستی تۆمارکردنیان.
٦- پێویستە هاوردەکار نوسراوێکی بەڵێننامە پێشکەش بکات کەوا گەرەنتی ئەو بەرهەمانە دەکات کە بەبازاڕیان دەکات لە هەرێمی کوردستان-عێراق لەڕووی سەلامەتی و کاریگەری و کواڵیتی.
٧- کۆمپانیای هەڵگری مافی بەبازاڕکردن دەتوانێت خاوەندارێتی مافی بەبازاڕکردنەکەی بگوازێتەوە بۆ کۆمپانیایەکی تر کە تۆمارکراوە لە بەڕێوەبەرایەتی وەک هەڵگری مافی بەبازاڕکردن. بۆ ئەم مەبەستەش پێویستە دۆکیومێنت و بەڵگەی ڕوون پێشکەش بکات.
٨- دەبێت بەڕێوەبەرایەتی ڕێبەرێکی ڕێنمایی تایبەت بە پێویستیەکان و ئەرک و مافەکان وە مۆڵەت پێدانی کۆمپانیای خاوەنی مافی بەبازاڕکردن دابنێت لەماوەی یەک (١) ساڵ لە دەرچوونی ئەم ڕێنماییانە و لایەنی کەم هەر دوساڵ جارێک ڕێبەری ڕێنماییەکە بەپێی پێوەرە نەتەوەیی و نێونەتەوەییەکان نوێ بکرێتەوە و پێداچوونەوەی بۆ بکرێت، هەر گۆڕانکاریەک لە ڕێبەرەکەدا بکرێت لەدوای نۆ (٩) مانگ لە گۆڕانکاری کردنەکە دەبێتە مەرج.

**ماددەی (٦): (پەسەند کردنی بەرهەمی دەرمانسازی/پزیشکی)**

١- هەموو دەرمانێک دەبێت پەسەند بکرێت (لەڕووی پێکهاتەی کارا و ناکارا، هێز، بەکارهێنانی، شێوەی دەرمانسازی، ژەمی دیاریکراو و شێوازی بەکارهێنانی) بۆ دڵنیابوون لەوەی کە ئەم بەرهەمە بۆ بەکارهێنانی مرۆیی شیاوە.
٢- دەبێت بەڕێوەبەرایەتی، ڕێبەرێکی ڕێنمایی تایبەت بۆ پێویستییەکانی پەسەندکردنی بەرهەمی دەرمانسازی/پزیشکی دابنێت لەماوەی دوو (٢) مانگ لە دەرچوونی ئەم ڕێنماییانە و لایەنی کەم هەر دوو ساڵ جارێکیش ڕێبەری ڕێنماییەکە پێداچوونەوەی بۆ بکرێت، هەر گۆڕانکاریەک لە ڕێبەرەکەدا بکرێت لەدوای سێ (٣) مانگ لە گۆڕانکاری کردنەکە دەبێتە مەرج.

٣- هەر دەرمانێک تەنها جارێک پەسەند دەکرێت و پێویستی بە دووبارە پەسەندکردن نییە.

٤- هەر دەرمانێک کە جیاواز بێت لەڕووی پێکهاتە، هێز، بەکارهێنان، شێوەی دەرمانسازی، ژەمی دیاریکراو و شێوازی بەکارهێنانی لە دەرمانی پێشوو، ئەوا ئەو دەرمانە وەکو دەرمانێکی نوێ پەسەند دەکرێت.

٥- لەهەرکاتێک کە لەلایەن دەسەڵاتێکی نێودەوڵەتی تایبەت بە ڕێکخستنەوە، یان لەلایەن وەزارەتی فیدراڵی یان وەزارەت یان بەڕێوەبەرایەتی زانیارییەک دەرچوو کە بسەلمێنێت ئەم دەرمانە مەترسی دەبێت لەبەکارهێنانی مرۆیی، پەسەندکردنی ئەو دەرمانە هەڵدەوەشێتەوە.

**ماددەی (٧): (تۆمار کردن و بەلیستکردن)**

١- هاوردەکار یان نوێنەری دەسەڵات پێدراو لەلایەن خاوەنی مافی بەبازاڕکردنەوە، مافی تۆمارکردن و بەلیستکردنی بەرهەمەکانی هەیە.

٢- بەڵگەنامەکان بە زمانی کوردی یان عەرەبی یان ئینگلیزی پێشکەش دەکرێن.

٣- دەبێت گشت پێگەکانی کارگە و بەرهەمەکانیان (دەرمانسازی/پزیشکی) لە بەڕێوەبەرایەتیدا تۆمار/ بەلیست بکرێت.

٤- دەبێت بەڕێوەبەرایەتی بە شێوەی فەرمی هاوردەکار یان کەسی دەسەڵات پێدراو لە هەموو بڕیارەکانی تایبەت بە تۆمارکردن (تۆمارکردن، دووبارە تۆمارکردن، هەڵپەساردنی تۆمار، گۆڕانکاری لە تۆمار یان هەڵوەشاندنەوەی تۆمار) و هەر بڕیارێک تایبەت بێت بە پێگەی کارگە و بەرهەمەکانی ئاگادار بکاتەوە، بەپێچەوانەوە، ئەو بڕیارەی دراوە، کاری پێناکرێت.

**یەکەم: تۆمارکردنی کۆمپانیای بەرهەمهێنەر و پێگەی کارگە:**

١- دەبێت سەرجەم کۆمپانیا بەرهەمهێنەرەکان و پێگەکانی کارگە ناوخۆیی و بیانیەکان بۆ بەرهەمە (دەرمانسازی/پزیشکی)یەکان لە میانی تایبەتمەندی بەڕێوەبەرایەتیدا تۆمار بکرێت.

٢- دەبێت هەر کۆمپانیایەکی بەرهەمهێنەر یان پێگەیێکی کارگەی تۆمارکراو لە وەزارەتی تەندروستی فیدراڵی، لە بەڕێوەبەرایەتیش تۆمار بکرێت.

٣- لە بەڕێوەبەرایەتیدا تەنیا پشت بە هێڵەکانی بەرهەمهێنانی پشتپێبەستراو لە بڕوانامەی تۆمارکردنی کۆمپانیای بەرهەمهێنەر یان پێگەی کارگەی فیدراڵی دەبەسترێت.

٤- دەبێت بەڕێوەبەرایەتی ڕێبەرێکی ڕێنمایی تایبەت بۆ پێویستییەکانی تۆمارکردن و دووبارە تۆمارکردن و گواستنەوە و گۆڕینی ناو و زیادکردنی هێڵی بەرهەمهێنانی نوێی کۆمپانیای بەرهەمهێنەر یان پێگەی کارگە دابنێت لەماوەی دوو (٢) مانگ لە دەرچوونی ئەم ڕێنماییانە و لایەنی کەم هەر دوو ساڵ جارێکیش ڕێبەری ڕێنماییەکە پێداچوونەوەی بۆ بکرێت، هەر گۆڕانکارییەک لە ڕێبەرەکەدا بکرێت لەدوای شەش (٦) مانگ لە گۆڕانکاری کردنەکە دەبێتە مەرج.

٥- ئەو چەند پێگەی کارگە کە خاوەندارێتیان دەگەڕێتەوە بۆ یەک کۆمپانیا، دەبێت هەریەکە بە جیا تۆمار بکرێن.

٦- تۆمارکردنی کۆمپانیای بەرهەمهێن یان پێگەی کارگە، لە ماوەی کارایی بڕوانامەی کوالێتی پێشکەشکراو بە زیادکردنی یەک ساڵ کارا دەبێت.

٧- بۆ دووبارە تۆمارکردنی کۆمپانیای بەرهەمهێن یان پێگەی کارگە، دەبێت بڕوانامەیەکی نوێی کوالێتی بە ماوەی کارایی نوێوە پێشکەش بکرێت.

٨- تەنها ئەو هێڵی بەرهەمهێنانەی کە لەو بڕوانامەی کوالێتی کە لەلایەن دەستەکانی ڕێکخستنی سەرچاوەیدا دەرچوون، ئاماژەیان پێکراوە، جێی متمانەن، بەپێچەوانەوە، دەبێت پێگەی کارگە لەلایەن بەڕێوەبەرایەتیەوە بپشکنرێت.

٩- دەبێت بەڕێوەبەرایەتی ڕێبەرێکی ڕێنمایی تایبەت بۆ پێویستییەکانی پشکنینی پێگەی کارگە دابنێت لەماوەی شەش (٦) مانگ لە دەرچوونی ئەم ڕێنماییانە و لایەنی کەم هەر دوو ساڵ جارێکیش ڕێبەری ڕێنماییەکە پێداچوونەوەی بۆ بکرێت، هەر گۆڕانکاریەک لە ڕێبەرەکەدا بکرێت لەدوای نۆ (٩) مانگ لە گۆڕانکاری کردنەکە دەبێتە مەرج.

١٠- دەسەڵاتی تۆمارکردن پاڵپشت بە پشکنینی بەڕێوەبەرایەتی پێنج (٥) ساڵ دەبێت.

١١- نوێکردنەوەی تۆمارکردنی پێگەی کارگەی تۆمارکراو، بەپێی پشکنینی بەڕێوەبەرایەتی، دەبێت جارێکی تر پشکنینی بۆ بکرێتەوە.

١٢- بۆ زیادکردنی هێڵێکی بەرهەمهێنانی نوێ بۆ کۆمپانیایەکی بەرهەمهێن یان پێگەیێکی کارگەی تۆمارکراو بەپێی بڕوانامەی تۆمارکردنی فیدڕاڵی، بە پێشکەشکردنی بڕوانامەیەکی نوێی تۆمارکردنی فیدڕاڵی ئەنجام دەدرێت، کە هێڵە نوێیەکە لەخۆ دەگرێت، یان بە پێڕەوکردنی ڕێکارەکانی زیادکردنی هێڵێکی بەرهەمهێنانی نوێ پاڵپشت بەم ڕێنماییانە.

١٣- لەکاتی گواستنەوەی پێگەیەکی کارگەی تۆمارکراو لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر، دەبێت وەک پێگەیەکی کارگەی نوێ، بەپێی ئەم ڕێنماییانە تۆمار بکرێت.

١٤- لەکاتی گۆڕینی ناوی کۆمپانیای بەرهەمهێن یان پێگەی کارگە، دەبێت بڕوانامەی کوالێتی نوێ بەناوە نوێیەکە و بە هەمان ناونیشانی پێگە کۆنەکە پێشکەش بکرێت.

١٥- لەکاتی ڕوودانی هەر گۆڕانکارییەک لە هێڵەکانی بەرهەمهێنانی ئاماژەپێکراو لە بڕوانامە نوێیەکەی کوالێتیدا، کە پێشکەشکراوە بۆ مەبەستی دووبارە تۆمارکردنەوە یان زیادکردنی هێڵێکی نوێی بەرهەمهێنان یان گۆڕینی ناوی کۆمپانیای بەرهەمهێن یان پێگە یان گواستنەوەی پێگەی کارگەکە، تەنیا هێڵەکانی ئاماژەپێکراوی بەرهەمهێنان لەناو نوێترین بڕوانامەی کوالێتیدا کاری پێ دەکرێت.

١٦- پێشینەیی بۆ تۆمارکردن و دووبارە تۆمارکردنی کۆمپانیای بەرهەمهێن و پێگەکانی کارگە لە بەڕێوەبەرایەتیدا بەم شێوەیەیە:
أ- کارگەی خۆماڵی
ب- کارگەی کۆمپانیا جیهانیە داهێنەرەکانی بەرهەمی (دەرمانسازی/پزیشکی)
ج- کارگەی بەرهەمە هاوتاکان.

**دووەم: تۆمارکردن و بەلیستکردنی بەرهەمی (دەرمانسازی/پزیشکی)**

١- دەبێت گشت بەرهەمەکانی (دەرمانسازی/پزیشکی)، پێش ئەوەی هاوردەی ناو هەرێم بکرێن، تۆمار یان بەلیست بکرێن.
٢- بۆ تۆمارکردنی دەرمان، دەبێت پێشوەختە پەسەند کرابێت.
٣- بۆ تۆمارکردن یان بەلیستکردنی هەر بەرهەمێکی (دەرمانسازی/پزیشکی)، دەبێت پێگەی کارگە و هێلی بەرهەمهێنان پێشوەختە تۆمار کرابێت.
٤- دەبێت خاوەنی مافی بەبازاڕکردن، نووسراوێکی دووپاتکردنەوەی ڕوون پێشکەش بکات، بەوەی کە ئەو زانیاری تەواوی لەسەر ناوەرۆکی ئەم ڕێنماییانە و ئەو ڕێبەرانەی ڕێنماییکردن کە لێیانەوە دێنەکایەوە هەیە، ئاشنایە بەو ئەرک و بەرپرسیارێتی و سزایانەی، کە لە پابەندنەبوون بەم ڕێنماییانەوە دەکەونەوە، هەروەها پابەندبوون بەم ڕێنماییانە بە بەشێک لە هەر گرێبەستێک دادەنرێت، کە لە نێوان خاوەنی مافی بەبازاڕکردن و هاوردەکار دەبەسترێت.
٥- دەبێت بەڕێوەبەرایەتی ڕێبەرێکی ڕێنمایی تایبەت بۆ پێویستییەکانی تۆمارکردن و دووبارە تۆمارکردن و گۆڕانکاری لە تۆمارکردن و مەرجەکانی ناوی بازرگانی و پاکەتبەندی و ڕووبەرگی بەرهەمەکە و دەرماننامەکە و گۆڕانکارییەکانی بەرهەمی (دەرمانسازی/ پزیشکی) دابنێت لەماوەی چوار (٤) مانگ لە دەرچوونی ئەم ڕێنماییانە و لایەنی کەم هەر دوو ساڵ جارێکیش ڕێبەری ڕێنماییەکە پێداچوونەوەی بۆ بکرێت، هەر گۆڕانکاریەک لە ڕێبەرەکەدا بکرێت لەدوای نۆ (٩) مانگ لە گۆڕانکاری کردنەکە دەبێتە مەرج.
٦- بەرهەمی (دەرمانسازی/پزیشکی) پێشکەشکراو بۆ تۆمارکردن و بەلیستکردن، دەبێت بەکارهێنراو بێت لە وڵاتی بەرهەمهێنەری یاخود وڵاتی خاوەنی مافی بەبازاڕکردن وە هەڵگری بڕوانامەی بەکارهێنان بێت.
٧- تۆمارکردن و بەلیستکردنی بەرهەمی (دەرمانسازی/پزیشکی) بۆ ئەو ماوەیە کارایە کە لە بڕوانامەی کواڵیتی بەرهەمەکە یان تۆماری سەرەتایی بەرهەمەکەدا ئاماژەی پێکراوە، سەرەڕای ئەوەش ساڵێک زیادە دادەنرێت.
٨- ئەگەر ئاماژە بۆ ماوەی کارایی نەکرابوو، ئەوا ماوەی سێ (٣) ساڵ وەک ماوەی کارایی بۆ دەرمان و ماوەی (٢) ساڵ بۆ گشت بەرهەمە (دەرمانسازی/پزیشکی)یەکانی تر دادەنرێت.

٩- دەکرێ دەرمان تۆمار بکرێت، ئەگەر:
أ- بڕوانامەی تۆمارکردن یان بەکارهێنانی لە دەستەیەکی ڕێکخستنی سەرچاوەییەوە وەرگرتبێت.
ب- بڕوانامەی تۆمارکردن یان بەکارهێنانی لە دوو (٢) دەستەی ڕێکخستنی ناسەرچاوەییەوە وەرگرتبێت.
ج- خاوەنی مافی بەبازاڕکردن بەلایەنی کەم سێ (٣) بەرهەمی تۆمارکراوی کارای لە وەزارەتی تەندوستی فیدراڵی هەبێت. ئەگەر خاوەنی مافی بەبازاڕکردن تەنها خاوەنی یەک یان دوو بەرهەم بێت ئەوا پێویستە بەرهەمەکەی یان هەردوو بەرهەمی لە وەزارەتی تەندروستی فیدراڵی تۆمارکراو بێت.
د- خاوەنی مافی بەبازاڕکردن کۆمپانیایەکی خۆماڵی بێت ، یاخود دۆسیەی دەرمانەکەی بەشێوەی (دۆسیەی تەکنیکی هاوتاکراو) وە بەپێی ڕێنماییەکانی (کۆنفرانسی نێونەتەوەیی بۆ هاوتاکردن) بەردەست بێت.
١٠- لەکاتی هەر گۆڕانکاری کردنێک لە بەرهەمی (دەرمانسازی/پزیشکی)، دەبێت پێشوەختە ئەم گۆڕانکارییە لە بەڕێوەبەرایەتی جێگیر بکرێت، دوای پێشکەشکردنی بەڵگەکان، کە ئەم گۆڕانکارییە کار لە کواڵیتی و توانستی بەرهەمەکە ناکات.
١١- پێشینەیی بۆ تۆمارکردن و بەلیستکردن و دووبارەتۆمارکردن بۆ بەرهەمی (دەرمانسازی/پزیشکی) لە بەڕێوەبەرایەتی بەم شێوەیەیە:
أ-بەرهەمی خۆماڵی
ب- بەرهەمی داهێنراو کە بڕوانامەی پاکانەی داهێنانی هەیە
ج- بەرهەمە گشتییەکانی تر

**سێیەم: تۆمارکردن و بەلیستکردنی ماددەی سەرەتایی و خاو**

١- دەبێت گشت ماددە سەرەتایی و خاوەکان کە کارگە خۆماڵیەکان هاوردەیان دەکەن لە بەڕێوەبەرایەتی تۆمار یان بەلیست بکرێن.
٢- تەنها ئەو ماددە سەرەتایی و خاوانەی لە بەڕێوەبەرایەتی تۆمار یان بەلیست کراون مۆڵەتی هێنانە ژوورەوەیان پێدەدرێت.
٣- دەبێت بەڕێوەبەرایەتی ڕێبەرێکی ڕێنمایی تایبەت بە پێویستیەکانی تۆمارکردن، بەلیستکردن، هەروەها هاوردەکردنی ماددەی سەرەتایی و خاو دابنێت لە ماوەی یەک (١) ساڵ لە دەرچوونی ئەم ڕێنماییانە و لایەنی کەم هەر دوو ساڵ جارێکیش ڕێبەری ڕێنماییەکە پێداچوونەوەی بۆ بکرێت، هەر گۆڕانکاریەک لە ڕێبەرەکەدا بکرێت لەدوای نۆ (٩) مانگ لە گۆڕانکاری کردنەکە دەبێتە مەرج.

**چوارەم: هەڵپەساردن و هەڵوەشاندنەوەی تۆمارکردن و بەلیستکردن**

١- تۆمارکردن یان بەلیستکردنی بەرهەمی(دەرمانسازی/پزیشکی)،کە لە شیکردنەوەی تاقیگەیی یان هونەری دەرنەچێت، بەهۆکارگەلێکی کارگەییەوە، بە ڕێژەی (١٠%) یان زیاتر لەنۆرەکانی هاوردەکردن، لە نێو یەک مۆڵەتی هاوردەکردنەوە هەڵدەپەسێردرێت، بەرهەمەکەش بۆ ماوەی ساڵێکی تەواو مۆڵەتی هاوردەکردنی نوێی پێنادرێت لە ڕێکەوتی کۆتایی هاتنی مۆڵەتی ئێستاوە

٢- لەکاتی دووبارە دەرنەچوونی بەرهەمی (دەرمانسازی/پزیشکی) بە هەمان هۆکار کە لە بڕگەی (١) دا هاتووە، مۆڵەتی هاوردەکردنی بەیەکجاری هەڵدەوەشێنرێتەوە و ڕێگە بەدووبارەتۆمارکردنەوە یان بەلیستکردنەوەی نادرێت.

٣- تۆمارکردنی بەرهەمی (دەرمانسازی/پزیشکی) لەکاتی دەرکەوتنی زانیاریی لەبارەی مەترسییەکانی تەندروستی، کە لە بەکارهێنانیدا دروست دەبن، هەڵدەوەشێنرێتەوە.

٤- متمانەی هێڵی بەرهەمهێنان هەڵدەپەسێردرێت لەکاتی هەڵپەساردنی تۆماری دوو (٢) یان زیاتر لە دوو بەرهەمی ئەم هێڵە لە یەک کاتدا، هەروەها مۆڵەتی هاوردەکردنی نوێ بۆ بەرهەمەکانی ئەم هێڵە نادرێت بۆماوەی ساڵێک لە ڕێکەوتی کۆتایی هاتنی مۆڵەتەکە یان ئەو مۆڵەتی هاوردەکردنانەی کاری پێدەکات.

٥- متمانەی هێڵی بەرهەمهێنان هەڵدەوەشێنرێتەوە لەکاتی دووبارە هەڵپەساردنی هێڵەکە لەبەر هەمان ئەو هۆکارانەی لە بڕگەی (٤) دا باسیان لێوەکراوە و دووبارە متمانەی بۆ ناگەڕێتەوە.

٦- تۆمارکردنی پێگەی کارگە بە هەموو هێڵی بەرهەمهێنانەکانیەوە هەڵدەپەسێردرێت لە دەرئەنجامی هەڵپەساردنی دوو هێڵی بەرهەمهێنانی لە یەک کاتدا و ڕێگەش نادرێت کە بەرهەمەکانی ئەم پێگەیە مۆڵەتی نوێ بۆ هاوردەکردن بەدەست بهێنن بۆ ماوەی ساڵێک لە ڕێکەوتی کۆتایی هاتنی مۆڵەتەکە یان ئەو مۆڵەتی هاوردەکردنانەی کاری پێدەکات.

٧- تۆمارکردنی پێگەی کارگە بە گشت هێڵەکانی بەرهەمهێنانیەوە هەڵدەوەشێنرێتەوە لە دەرئەنجامی دووبارە هەڵپەساردنی تۆماری پێگە بەو هۆکارانەی لە بڕگەی (٦) دا باس کراوە، و ڕێگەش بە دووبارە تۆمارکردنەوەی نادرێت.

٨- تۆمارکردنی پێگەی کارگە هەڵدەپەسێردرێت لە دەرئەنجامی دووبارە تۆمارنەکردنەوەی پێگەی کارگە لە ماوەی ساڵێکی ڕۆژ-ژمێری لە تێپەڕبوون بەسەر بڕوانامەی کواڵیتی یان تۆمار بەپێی ڕێنماییەکان، سەرەڕای ئەوەش مۆڵەتی نوێی هاوردەکردن بۆ بەرهەمەکانی نادرێت.

٩- تۆمارکردنی پێگەی کارگە هەڵدەوەشێنرێتەوە، لەکاتی نوێنەکردنەوەی تۆمارکردنی پێگەی کارگە لەماوەی زیاتر لە یەک ساڵی ڕۆژ-ژمێری لە تێپەڕبوون بەسەر بڕوانامەی کواڵیتی، سەرەڕای ئەوەش گشت مۆڵەتی هاوردەکردنی بەرهەمەکانی هەمان پێگەی کارگە هەڵدەوەشێندرێنەوە.

١٠-تۆمارکردنی پێگەی کارگە لەکاتی گۆڕینی یان گواستنەوەی بۆ پێگەیەکی نوێ هەڵدەوەشێنرێتەوە.

**پێنجەم: مەرجەکانی تۆمارکردن**

١- هیچ بەرهەمێک تۆمارناکرێت، ئەگەر هەڵگری ناوێکی بازرگانی هاوشێوەی ناوی بازرگانی بەرهەمی (دەرمانسازی/ پزیشکی) داهێنراو بێت، هەتا ئەگەر لە بەڕێوبەرایەتیش تۆمارنەکرابێت.

٢- هیچ بەرهەمێک تۆمارناکرێت، کە ناوێکی بازرگانی هاوشێوەی ناوی بازرگانی بەرهەمی (دەرمانسازی/پزیشکی) کە لە بەڕێوەبەرایەتیدا لە هەمان ڕیزبەندیدا تۆمارکراو بێت.
٣- هەمان بەرهەمی (دەرمانسازی/پزیشکی)، لە هەمان خاوەن مافی بەبازاڕکردنەوە، بە دوو ناو لە بەڕێوەبەرایەتی، تۆمار ناکرێت.
٤- دەبێت سەرجەم زانیارییەکانی سەر ڕووبەرگ و دەرمانن‌امەکە بە زمانی کوردی، ئینگلیزی یان عەرەبی نووسرابێت و بەشێوەیەک نووسرابێت کە لابردن و سڕینەوەیان ئاسان نەبێت.
٥- دەبێت ئەو بەرهەمی (دەرمانسازی/پزیشکی) یەی کە لەژێر مافی ئیمتیازدا دروستکراوە، نووسراوی ڕەزامەندی کۆمپانیای دایک (هەڵگری لۆگۆی بازرگانی ڕەسەن) لەسەر تۆمارکردنی ئەم بەرهەمە لە بەڕێوەبەرایەتیدا هاوپێچ بکرێت.
٦- مەرجە لۆگۆ و ناو و ناونیشانی خاوەنی مافی بەبازاڕکردن لەسەر ڕووبەرگی دەرەوەی پاکەتەکە و سەر بەرهەمەکە ئاماژەی پێکرابێت، بەڵام مەرج نییە ناو و ناونیشانی کۆمپانیای بەرهەمهێنەر ئاماژەی پێکرابێت.
٧- ئەگەر ناو و ناونیشانی پێگەی بەپاکەت کردن و پێگەی کارگە جیاواز بێت لە خاوەنی مافی بەبازاڕکردن، دەبێت لە دەرمانن‌امەکەیدا، ئاماژە بە هەموویان بکرێت.
٨- ئەو بەرهەمی (دەرمانسازی/پزیشکی) یانەی کە پێویستیان بە دەرمانن‌امە نییە، ئەوا دەبێت ناو و ناونیشانی خاوەنی مافی بەبازاڕکردن و پێگەی کارگەکەیان لەسەر ڕووبەرگی دەرەوەی پاکەتەکە و سەر بەرهەمەکە نووسرابێت.

**شەشەم: تۆمارکردن و بەلیستکردنی بەرهەمی دروستکراو بەپێی گرێبەست**

١- دەبێت تۆمارکردنی پێگەی کارگە و هێڵی بەرهەمهێنان پاڵپشت بەم ڕێنماییانە، پێش تەواوکردنی تۆمارکردن/بەلیستکردنی بەرهەمی دەرمانسازی/پزیشکی ئەنجام بدرێت.
٢- تۆمارکردنی بەرهەمی دروستکراو بەپێی گرێبەست هەمان ڕێنماییەکانی تۆمارکردن/بەلیستکردنی بەرهەمی دەرمانسازی/پزیشکی کەلەم ڕێنماییانەدا هاتوون لەسەر جێبەجێ دەکرێت.
٣- بۆ تۆمارکردن/بەلیستکردنی بەرهەمی دەرمانسازی/پزیشکی بەپێی گرێبەست پێویستە دۆسیەی بەرهەمەکە پێشکەشی بەڕێوەبەرایەتی بکرێت.

**حەوتەم: گۆڕینی بریکار لە هاوردەکارێکەوە بۆ یەکێکی تر**

١- دەکرێت بریکار لە هاوردەکارێکەوە بۆ یەکێکی تر بگۆڕدرێت، لەکاتی کۆتایهاتنی ماوەی نوسراوی دەسەڵات پێدانی هاوردەکاری یەکەم.
٢- ئەگەر هاتوو ماوەی کارایی نوسراوی دەستەڵات پێدانی هاوردەکاری یەکەم بەکۆتا نەهاتبێت، ئەوا دەبێت کۆمپانیای دروستکەر یان خاوەنی مافی بەبازاڕکردن، ڕەزامەندی هاوردەکاری یەکەم بۆ گۆڕینی بریکار بەدەست بێنێت.

٣- لە کاتی گۆڕینی بریکار، پێویستە کارگەی بەرهەمهێن یان کۆمپانیای خاوەنی مافی بەبازاڕکردن ڕەچاوی بڕی کۆگاکراوی بەرهەمەکانی بکات لەلایەن بریکاری یەکەمەوە، بۆ ئەوەی بریکاری یەکەم بتوانێت بڕی کۆگاکراو بەبازاڕ بکات یاخود ڕادەستی بریکاری دووەم بکات بەر لەوەی بەرهەمەکان بەسەر بچن.

٤- لەکاتی بوونی بڕیارێکی دادوەری لەلایەنی ناوبژیکارەوە، بەپێی گرێبەستی بەستراو لەنێوان هەردوو لایەنەکەدا، هەر کاتێک دادگا بە کۆتایهێنانی گرێبەستەکە بڕیار دەدات، ئەوا کارگەی بەرهەمهێن یان خاوەن مافی بەبازاڕکردن مافی گۆڕینی بریکاری بۆ هاوردەکارێکی تر دەبێت.

**ماددەی (٨): (نرخ دانان)**

١- هەموو بەرهەمەکانی (دەرمانسازی/ پزیشکی) پێش وەرگرتنی مۆڵەتی هێنانە ژوورەوە یان مۆڵەتی هاوردەکردن لە بەڕێوەبەرایەتی دەبێت بە پرۆسەی نرخ داناندا بڕوات و نرخی بۆ دابنرێت.

٢- دەبێت بەڕێوەبەرایەتی، ڕێبەرێکی ڕێنمایی تایبەت بۆ نرخ دانانی بەرهەمە (دەرمانسازی/پزیشکی) یەکان دابنێت لەماوەی چوار (٤) مانگ لە دەرچوونی ئەم ڕێنماییانە و لایەنی کەم هەر دوو ساڵ جارێکیش ڕێبەری ڕێنماییەکە پێداچوونەوەی بۆ بکرێت، هەر گۆڕانکاریەک لە ڕێبەرەکەدا بکرێت لەدوای سێ (٣) مانگ لە گۆڕانکاری کردنەکە دەبێتە مەرج.

**ماددەی (٩): (مۆڵەتی هاوردەکردن و هەناردەکردن)**

**یەکەم: مۆڵەتی هاوردەکردن**

١- تەنها ئەو بەرهەمە (دەرمانسازی/پزیشکی) یانەی کە لە بەڕێوەبەرایەتی بەلیست و تۆمار کراون، مۆڵەتی هاوردەکردنیان پێدەدرێت.

٢- مۆڵەتی هاوردەکردنی بەرهەمی (دەرمانسازی/پزیشکی) تەنها بۆ هاوردەکاری ڕێگەپێدراو دەدرێت و دەردەچێت.

٣- دەبێت بەڕێوەبەرایەتی ڕێبەرێکی ڕێنمایی تایبەت بۆ پێویستیەکانی هاوردەکردن دابنێت لەماوەی دوو مانگ لە دەرچوونی ئەم ڕێنماییانە و لایەنی کەم هەر دوو ساڵ جارێکیش ڕێبەری ڕێنماییەکە پێداچوونەوەی بۆ بکرێت، هەر گۆڕانکاریەک لە ڕێبەرەکەدا بکرێت لەدوای نۆ (٩) مانگ لە گۆڕانکاری کردنەکە دەبێتە مەرج.

٤- مۆڵەتی هاوردەکردن تەنها بۆ ماوەی ساڵێک کارا دەبێت، دەشێت بۆ ماوەی دوو مانگیش درێژ بکرێتەوە ئەگەر هاتوو داوای نوێکردنەوەی مۆڵەتەکە کرابێت و بەڵگەنامە پێشکەشکراوەکان لە چاوەڕوانی هەڵسەنگاندندا بن. بەپێچەوانەوە، ئەوا لەگەڵ دوایین ڕۆژی ماوەی کارایی، مۆڵەتەکەش بەسەر دەچێت.

٥- مـۆڵەتی هـاوردەکردن مـافی هاوردەکـار بـۆ هـاوردەکردنی بەرهەمـی (دەرمانسـازی/پزیشـکی) دەپارێزێت، سەرەڕای ئەو گۆڕانکاریانەی کە دەشێت بەسـەر دۆخـی تۆمـارکردنی بەرهەمەکە یـان پێگەی کارگەکەی بێن.

٦- دەکرێـت مـۆڵەتی هـاوردەکردن بـۆ یەک بەرهەم یـان کۆمەڵێـک بەرهەم دەربچێـت کە هەموویـان هەمان پێگەی کارگەیان هەیە.

٧- لەکـاتی سـەلماندنی ئەوەی کە بەرهەم یـان پـێگەی کـارگە، تایبەتمەنـدییەکانی کـواڵیتی پێشـێل کردووە، کە لەسەر ئەو بنەمایـانەوە تۆمـار کـراوە و ئەگەری مەترسـی لەسـەر تەندروسـتی مـرۆڤ هەیە، هەڵدەوەشێنرێتەوە.

٨- بۆ پێدانی مۆڵەتی هاوردەکردن بۆ بەرهەمی ژێرکۆنترۆڵ، دەبێـت سـەرەتا نووسـراوی ڕەزامەنـدی لەلایەن وەزارەتەوە وەرگرتبێت کە تێیدا ئاماژە بە جۆر و بـڕ و کۆمپانیـای بەرهەمهێـنەر و وڵاتـی سەرچاوگەکەی کرابێت.

٩- نموونەی پزیشکی بەخۆڕایی، پێویستیان بە مۆڵەتی هاوردەکردن نیە.

**دووەم: مۆڵەتی هەناردەکردن**

١- بەڕێـوەبەرایەتی کارئاسـانی دەکـات بـۆ پێـدانی مـۆڵەتی هەنـاردەکردن بـۆ کـارگە خۆماڵیەکـان بەهەماهەنگی لەگەڵ دەزگا پەیوەندیدارەکانی تر لە چوارچێـوەی یاسـا و ڕێنمـاییە بەرکارەکـان لە هەرێمی کوردستان-عێراق بە مەبەستی هەناردەکردنی بەرهەمە (دەرمانسازی/پزیشکیەکان) یـان بۆ دەرەوەی وڵات.

٢- تەنهـا ئەو بەرهەمە (دەرمانسـازی/پزیشـکی) یـانەی لە بەڕێـوەبەرایەتی تۆمـار و بەلیسـت کـراون مۆڵەتی هەناردەکردنیان پێدەردرێت.

٣- مـۆڵەتی هەنـاردەکردن تەنهـا بـۆ کـارگەی بەرهەمهێـنەری خۆمـاڵی تۆمـارکراو لە بەڕێـوەبەرایەتی دەدرێت و دەردەچێت.

٤- دەکرێت مۆڵەتی هەناردەکردن بۆ یەک بەرهەم یان زیاتر دەربچێت کە هەموویـان هەمـان پـێگەی کارگەیان هەیە.

٥- بۆ پێدانی مـۆڵەتی هەنـاردەکردن بـۆ بەرهەم و مـاددەی ژێرکـۆنترۆل دەبێـت هەناردەکـار سـەرەتا نوسراوی ڕەزامەندی لەلایەن وەزارەتەوە وەرگرتبێت.

٦- دەبێـت بەڕێـوەبەرایەتی ڕێبەرێکـی ڕێنمـایی تـایبەت بـۆ پێویسـتیەکانی هەنـاردەکردن دابنێـت لەماوەی (٩) مانگ لە دەرچـوونی ئەم ڕێنماییـانە و لایەنـی کەم هەر دوو سـاڵ جـارێکیش ڕێـبەری ڕێنماییەکە پێداچوونەوەی بۆ بکرێت، هەر گۆڕانکـاریەک لە ڕێـبەرەکەدا بکرێـت لەدوای چـوار (٤) مانگ لە گۆڕانکاری کردنەکە دەبێتە مەرج.

**ماددەی (١٠): مۆڵەتی هێنانەژوورەوە (ڕێگەپێدان)**

١- مۆڵەتی هێنانە ژوورەوە تەنها بۆ هێنانە ژوورەوەی بەرهەمەکانە، ، نابێت مامەڵە بە بەرهەمە (دەرمانسازی/ پزیشکی)یەکانەوە بکرێت تاکو مۆڵەتی بەکارهێنان وەردەگرێت و ستیکەری بەڕێوەبەرایەتی لێ دەدرێت.

٢- مۆڵەتی هێنانە ژوورەوە بۆ هەر بارێک تەنها یەک جار دەدرێت وە ماوەکەی (٩٠) ڕۆژ دەبێت.

٣- مۆڵەتی هێنانە ژوورەوە بەو بەرهەمە دەرمانسازیانە دەدرێت کە لە لیستی نیشتیمانی دا پەسەند کراون وە هێڵ و پێگەی کارگەی بەرهەمهێنانیان لە بەڕێوەبەرایەتی تۆمار کراون و مۆڵەتی هاوردەکردنیان هەیە.

٤- مۆڵەتی هێنانە ژوورەوە بەو بەرهەمە پزیشکی یانە دەدرێت کە پێگەی سەرەکی کارگەی بەرهەمهێنانیان لە بەڕێوەبەرایەتی تۆمار کراوە یان بە لیست کراوە وە گشت پێگە و هێڵەکانی تر بە لیست کراون.

٥- دەبێت وێنەیەکی ڕوونی بەرهەمە ڕاستەقینەکە پێشکەش بکرێت لەگەڵ ژمارەی نۆرەکە، کە هاوردەکار هاوردەیان دەکات.

٦- دەبێت گشت بەڵگەنامەکانی بارکردن، ڕەسەن و پەسەندکراو بن، یان بەڵێننامەیەکی پێشوەختەیان دابێت بۆ دابینکردنیان لە ماوەی یەک مانگ لە ڕێکەوتی مۆڵەتی هێنانە ژوورەوەدا.

٧- دەبێت بەڕێوەبەرایەتی ڕێبەرێکی ڕێنمایی تایبەت بۆ پێویستییەکانی هێنانە ژوورە دابنێت لەماوەی دوو (٢) مانگ لە دەرچوونی ئەم ڕێنماییانە و لایەنی کەم هەر دوو ساڵ جارێکیش ڕێبەری ڕێنماییەکە پێداچوونەوەی بۆ بکرێت، هەر گۆڕانکاریەک لە ڕێبەرەکەدا بکرێت لەدوای چوار (٤) مانگ لە گۆڕانکاری کردنەکە دەبێتە مەرج.

**یەکەم: دەرمان و ماددەی ژێرکۆنترۆڵ**

١- ڕێگە بە هێنانە ژوورەوەیان دەدرێت لەسەر بنەمای مۆڵەتی هاوردەکردن پاڵپشت بەو ڕەزامەندیەی کە پێشتر لە وەزارەتەوە پێی دراوە.

٢- دەبێت بەڕێوەبەرایەتی ڕێبەرێکی ڕێنمایی تایبەت بۆ دەرمان و بەرهەمی ژێرکۆنترۆڵ دابنێت؛ لەماوەی شەش (٦) مانگ لە دەرچوونی ئەم ڕێنماییانە و لایەنی کەم هەر دوو ساڵ جارێکیش ڕێبەری ڕێنماییەکە پێداچوونەوەی بۆ بکرێت، هەر گۆڕانکاریەک لە ڕێبەرەکەدا بکرێت لەدوای چوار (٤) مانگ لە گۆڕانکاری کردنەکە دەبێتە مەرج.

**دووەم: کڕینی حکومی (گرێبەستی حکومی)**

دەبێت دامەزراوەکانی حکومەت تەنیا ئەو بەرهەمە (دەرمانسازی/پزیشکی)یانە بکڕن کە لە بەڕێوەبەرایەتیدا مۆلەتی بەکار هێنانیان هەیە وە ستیکەری بەڕێوەبەرایەتیان پێوەیە.

**سێیەم: دەرمانی دەگمەن و شێرپەنجە و پێکوتەکان**

١- هاوردەکردنی دەرمانی دەگمەن و شێرپەنجە و پێکوتەکان بۆ کەرتی گشتی و تایبەت، کە لەلیستی نیشتیمانی دا نەبن (پەسەندکراو نەبن)، تۆمار و بە لیست نەکرا بن یان دابینکردن ودەستکەوتنیان ئەستەم بێت، دەبێت هاوردەکار ڕەزامەندی وەزارەتی هەبێت.

٢- دەبێت بەڕێوەبەرایەتی ڕێبەرێکی ڕێنمایی تایبەت بۆ دەرمانی دەگمەن و شێرپەنجە و پێکوتەکان دابنێت؛ لەماوەی شەش (٦) مانگ لە دەرچوونی ئەم ڕێنماییانە و لایەنی کەم هەر دوو ساڵ جارێکیش ڕێبەری ڕێنماییەکە پێداچوونەوەی بۆ بکرێت، هەر گۆڕانکاریەک لە ڕێبەرەکەدا بکرێت لەدوای چوار (٤) مانگ لە گۆڕانکاری کردنەکە دەبێتە مەرج.

**چوارەم: نەخۆشخانەی تایبەت و ناوەندی پزیشکی تایبەتمەند**

١- لەکاتی ئاواکردنی نەخۆشخانە یان ناوەندێکی پزیشکی تایبەتدا، دەکرێ کەلوپەلە پێویستەکان بۆ ڕاخستنی ناوەندەکە هاوردە بکرێن. تەنیا لە ماوەی ڕاخستنی ناوەوەدا، مافی هەیە، داوای مۆڵەتپێدانی هێنانە ژوورەوەی پێداویستی و کەلوپەلەکان پێشکەش بکات.

٢- دەبێت گشت پێوەرە جێبەجێکراوەکانی ئامرازەکان و ئامێرە هاوردەکراوەکان لەناو مۆڵەتی هاوردەکردن، لەسەر گشت نەخۆشخانە و ناوەندە تایبەتەکان جێبەجێ بکرێن. هەروەها، دەبێت نەخۆشخانە و ناوەندە تایبەتەکان فەرمانبەری شارەزایان بۆ کارپێکردنی ئامراز و ئامێرە پزیشکییەکان هەبێت.

٣- فرۆشتنی ئامراز و ئامێرە هاوردەکراوەکان، قەدەغەیە؛ تەنها دەکرێت بگەڕێنرێنەوە بۆ سەرچاوە ڕەسەنەکەی خۆیان بە مەبەستی گەڕاندنەوەی یەکجارەکی یان نۆژەنکردنەوەی.

٤- دەبێت نەخۆشخانە و ناوەندە تایبەتەکان، تۆماری سەرجەم ئامێر و ئامراز و پێداویستیە هاوردەکراوەکانیان هەبێت، لەگەڵ پاراستنی گشت پسوولە ڕەسەنەکان و خستنەڕوویان بۆ پرۆسەکانی پشکنین.

**پێنجەم: ڕێکخراوە ناحکومی و خێرخوازییەکان**

١- دەبێت ڕێکخراوەکان، لە فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومیەکان تۆمار کرابن.

٢- دەبێت ڕێکخراوەکان لە سیستەمی بەڕێوەبەرایەتی خۆیان تۆمار بکەن.

٣- دەبێت ڕێکخراوەکان بەلایەنی کەمەوە دەرمانسازێک وەکو بەرپرسی کاروباری جۆری دەرمان دیاری بکات کە دەبێت دانیشتووی هەرێم بێت.

٤- ڕێکخراوەکان ڕێگەیان پێدەدرێت ئامێری پزیشکی بەبێ هیچ مەرجێکی تۆمار هاوردە بکەن، جگە لە دەرمان کە دەبێت لە لیستی نیشتیمانی دەرمان دا پەسەند کرابن.

٥- ڕێکخراوەکان بۆ هاوردەکردن مۆڵەتی هێنانە ژوورەوەیان پێدەدرێت، وە دەرمانی ژێر کۆنترۆڵ دەبێت لە ژێر سەرپەرشتی وەزارەت بێت.

٦- ڕێکخراوەکان بەرپرسیارن لەسەر (سەلامەتی و کوالێتی وکاریگەری) بەرهەمەکان کە هاوردەیان دەکەن، دابەشکردنی بەرهەمە هاوردەکراوەکان تەنیا لە ناوچەکانی بوونیاندا دەبێت، لەژێر سەرپەرشتی دەرمانسازی بەرپرس وە ڕاپۆرتێک لەسەر چۆنیەتی دابەشکردنی بەرهەمە هاوردەکراوەکان دوای گەیشتنی بە هەرێمی کوردستان پێشکەش بە بەڕێوەبەرایەتی بکەن.

٧- دەبێت ئەو بەرهەمانەی لەلایەن ڕێکخراوەکان هاوردە دەکرێن، بە خۆڕایی دابەش بکرێن وە نابێت مامەڵەی کڕین و فرۆشتنیان پێوە بکرێت.

٨- ڕایی کردنی مامەڵەی ڕێکخراوەکان ناخرێتە نۆرەوە لەگەڵ کۆمپانیاکان (هاوردەکارەکان) پێشینە بۆ ڕایی کردنی مامەڵەکانیان دەبێت.

٩- بەڕێوەبەرایەتی لە هەرکاتێکدا پێویست بێت بەدواداچوون بۆ ڕاپۆرتی پیشکەشکراو دەکات.

**شەشەم: باری تڕانزێت**

١- ئەو بەرهەمانەی کە مۆڵەتی هاوردەکردنیان لە وەزارەتی فیدڕاڵی و یان نووسراوی نووسینگەی دەرکردنی گومرگی لە نەینەوا، یان نووسراوێکی فەرمی لە وەزارەتی تەندروستی فیدڕاڵی وەرگرتووە، مۆڵەتی هێنانە ژوورەوەیان پێدەدرێت بە مەرجی ئەوەی ڕاستەوخۆ بۆ دەرەوەی هەرێم بگوازرێنەوە و بەبازاڕ نەکرێن.

٢- ئەو بەرهەمانەی کە بە تڕانزێت بۆ وڵاتانی دەوروبەر بە هەرێمی کوردستاندا دەگوازرێنەوە پێویستە مۆڵەتیان هەبێت لەو وڵاتەی کە بەرهەمەکانیان بۆ دەڕوات بە مەرجی ئەوەی ڕاستەوخۆ بۆ دەرەوەی هەرێم بگوازرێنەوە و بەبازاڕ نەکرێن.

٣-بۆ گواستنەوەی بەرهەمی دەرمانسازی و پزیشکی بەشێوەی ترانزێت لەرێگەی هەرێمی کوردستانەوە دەبێت کۆمپانیاکان و رێکخراوەکان بۆ وەرگرتنی مۆلەت داواکاریەکانی ڕێبەری هێنانەژوورەوە جێبەجێ بکەن.

**حەوتەم: ئەو بارانەی کە بەدەرن لە ڕێنماییەکانی مۆڵەتی هێنانە ژوورەوە**

١- ئەو بەرهەم و نموونانەی بۆ مەبەستی پێشکەشکردن یان بەشداری پێکردنیان لە چالاکییەکان یان کۆنفڕانسەکان یان پێشانگەکان، یان لە هەر جۆرە چالاکیەکی تر بەکاردێن، نووسراوی لاری نەبوونی پێدەدرێت بەپێی نووسراوێک کە لە لایەنی پەیوەندیدار پشتگیری یان بەشدار بوونی پشتڕاستکرابێتەوە.

٢- دەبێت بەرهەم و نمونەکان بە بڕی سنوردار داوا بکرێن وە نابێت کڕین و فرۆشتنیان پێ بکرێت.

**هەشتەم: بەرهەمەکانی بەکارهێنانی کەسی**

١- ڕێگە بە هێنانە ژوورەوەی هەر بەرهەمێکی دەرمانسازی و پزیشکی دەدرێت کە نەخۆش بۆ چارەسەری تایبەت بەخۆی بەکاری دەهێنێت، بەپێی ڕاپۆرتی پزیشکی چارەسەرکار یاخود

نوسراوی نەخۆشخانە تایبەتمەندە حکومیەکان و تێیدا ئاماژە بە گشت زانیارییەکانی تایبەت بە نەخۆش و جۆری نەخۆشیەکەی و ناوی دەرمانەکانی و هێز و بڕی بەکارهێنانیان و ماوەی چارەسەرکردنەکە کرابێت.

٢- داواکاری هێنانە ژوورەوەکەش لەلایەن نەخۆش یان کەسێکی نزیکییەوە پێشکەش دەکرێت و نوسراوی لارینەبوونی پێدەدرێت.

٣- دەبێت ئەم بەرهەمانە لە بازاڕەکانی خۆماندا نەبن و بە بڕی سنووردار داوابکرێن وە بەهیچ شێوەیەک نابێت مامەڵەی کڕین و فرۆشتنیان پێوە بکرێت.

**نۆیەم: بەرهەمی خۆماڵی و بیانی هاتوو لە پارێزگاکانی ترەوە بۆ ناو هەرێم**

١- بەرهەمەکانی خۆماڵی عێراقی کە هاوردەی هەرێم دەکرێن، ئەگەر هەڵسەنگاندن یان مۆڵەتی بەکارهێنانیان لە وەزارەتی فیدڕاڵیەوە نەبێت ئەوا مۆڵەتی هێنانە ژوورەوەی پێ دەردرێت لەسەر بنەمای بڕوانامەی شیکردنەوەی کارگەکە و لیستی بارکردن، بە ڕەچاوکردنی تۆماری پێگەی کارگە و هێڵی بەرهەمهێنان و بریکارنامە یاخود نوسراوی دەسەڵاتپێدان.

٢- بەرهەمەکانی بیانی کە لە عێراقەوە هاوردەی هەرێم دەکرێن و مۆڵەتی هاوردەکرنیان هەیە، ئەگەر هەڵسەنگاندن یان مۆلەتی بەکارهێنانیان لە وەزارەتی فیدڕاڵیەوە نەبێت ئەوا مۆلەتی هێنانە ژوورەوەی پێ دەردرێت لەسەر بنەمای مۆڵەتی هاوردەکردنی وەزارەتی فیدڕاڵی وە کۆپییەک لە بڕوانامەی شیکردنەوەی کارگەکە و لیستی بارکردن، بە ڕەچاوکردنی تۆماری پێگەی کارگە و هێڵی بەرهەمهێنان و بریکارنامە یاخود نوسراوی دەسەڵاتپێدان.

٣- بەبێ مۆڵەتی هاوردەکردن لە هەرێم، مۆڵەتی هێنانە ژوورەوە بە بەرهەمەکانی خۆماڵی و بیانی دەدرێت کە لە حکومەتی فیدڕاڵیەوە هەناردەی هەرێم بکرێت، بەمەرجێک بڕوانامەی شیکردنەوەی تاقیگەیی یان مۆڵەتی بەکارهێنانیان لە وەزارەتی فیدڕالی هەبێت، بە ڕەچاوکردنی تۆماری پێگەی کارگە و هێڵی بەرهەمهێنان و بریکارنامە یاخود نوسراوی دەسەڵاتپێدان.

**ماددەی (١١): (دەرخستەی سنوور و خاڵەکانی پشکنین)**

١- دەبێت گشت بەرهەمەکان بەپێی ئەو مەرجانەی کە پێیانەوە تۆمار و بەلیستکراون (پلەی گەرمی و شێ و ڕوناکی) بگوازرێنەوە. هاوردەکاریش بەرپرسیارە لە مسۆگەرکردنی بەرهەمەکان و کۆگاکردنیان بە بەردەوامی لەو دۆخانەدا.

٢- تەنها ئەو بەرهەمانەی کە مۆڵەتی هاوردەکردن یان مۆڵەتی هێنانەژوورەوەیان پێدراوە، ڕێگەی پەڕینەوەیان پێ دەدرێت، ئەویش پاش دڵنیابوونەوە لە دۆخی بارەکە و خەسڵەتی بەرهەمەکان.

٣- پشکنین و دڵنیابوونەوە لە دۆخی بارەکان و خەسڵەتی بەرهەمەکان و مۆڵەتی هاوردەکردن وهێنانە ژوورەوە لەڕێگەی هۆبەکانی بەڕێوەبەرایەتی دەبێت لە خاڵە سنوورییەکان.

**ماددەی (١٢): (هەڵسەنگاندن و شیکردنەوەی تاقیگەیی ومۆڵەتی بەکارهێنان)**

١- تاقیگەکانی کواڵیتی کۆنترۆڵ سەر بە بەڕێوەبەرایەتی، تاکە لایەنی فەرمییە کە دەسەڵاتی بۆ هەڵسەنگاندن و شیکردنەوەی تاقیگەیی و پێدانی مۆڵەتی بەکارهێنان و ستیکەری بەڕێوەبەرایەتی بۆ بەرهەمی (دەرمانسازی/پزیشکی) هەیە.

٢- دەستووری دەرمان کە بۆ شیکردنەوەی تاقیگەیی لە بەڕێوەبەرایەتی باوەڕپێکراوە و کاری پێدەکرێت بریتین لە: دەستوری دەرمانی بەریتانی، دەستوری دەرمانی ئەمریکی، دەستوری دەرمانی ئەوروپی.

٣-بنەمای شیکرنەوەی بەرهەمی (دەرمانسازی/پزیشکی) لە بەڕێوەبەرایەتی، دەستوری دەرمانە، لە حاڵەتێکدا ئەگەر بەرهەمەکە دەستووری نەبوو، ئەوا کۆمپانیای هاوردەکار ئاگادار دەکرێتەوە بۆ دابینکردنی (شێوازی شیکردنەوە)، مەرجە کە سەرەڕای دابینکردنی شێوازی شیکردنەوە، (بەڵگەی پشتڕاستکردنەوە) بۆ شێوازەکە هاوپێچ بکرێت بۆ مەبەستی دڵنیابوون لە ڕاست و دروستی شێوازی شیکردنەوە.

٤- هۆبەی نموونەوەرگرتن بە شێوەی هەڕەمەکی ئەو نموونانە کۆدەکاتەوە کە شیکردنەوەیان لەسەر دەکرێت، بەپێی شێوەی دەرمانسازی و هێزیان.

٥- دووبارە شیکردنەوە:

أ- دووبارەشیکردنەوە تەنها جارێک دەکرێت، ئەویش بە ئامادەبوونی نوێنەری کارگە/خاوەنی مافی بەبازاڕکردن/کۆمپانیای هاوردەکار و دەرئەنجامی ئەم شیکردنەوەیەش دوائەنجامە و هەوڵی زیاتری لەگەڵ نادرێت.

ب- هەر دووبارەشیکردنەوەیەک تێچووی خۆی هەیە و تێچووی دووبارەشیکردنەوە دەکەوێتە ئەستۆی کۆمپانیای هاوردەکار.

ج - دووبارەشیکردنەوە تەنها بۆ ئەو شیکارییە/شیکارییانە دەکرێت کە دەرئەنجامەکانیان دەقاودەقی خەسڵەتەکان نین.

٦-ئەو بەرهەمە (دەرمانسازی/پزیشکی) یانەی بەڕێوەبەرایەتی لە کاتی پێویست بڕیار لەسەر شیکردنەوەی تاقیگەیی یان مۆڵەتی بەکار هێنانیان دەدات:

أ- بەکارهێنانی سنووردارە و لەلایەن وەزارەتەوە پشتڕاست کراونەتەوە، پێویستی بە مۆڵەتی بەکارهێنان هەیە و بەڕێوەبەرایەتی بڕیار لەسەر شیکردنەوەی تاقیگەیی دەدات ئەگەر پێویست بکات.

ب- ڕێکخراوی ناحکومی، ئەگەر بەرهەمە (دەرمانسازی/پزیشکی) یەکان بۆ ناوخۆی هەرێم بێت، پێویستی بە مۆڵەتی بەکارهێنان هەیە و بەڕێوەبەرایەتی لەکاتی پێویست بڕیار لەسەر شیکردنەوەی تاقیگەییان دەدات. ئەگەر بۆ دەرەوەی هەرێم بێت تەنها پێویستی بە مۆڵەتی هێنانە ژوورەوە هەیە.

ج - بەرهەمی (دەرمانسازی/پزیشکی) ی هاوردەکراو، لەلایەن کۆمپانیاکانی بواره جیاوازەکان جگە له کۆمپانیاکانی هاوردەکردنی بەرهەمی (دەرمانسازی/پزیشکی)، که له هەرێمدا کاردەکەن، ئەوانەی لەژێر سەرپەرشتیکردنی پیشەیی تەندروستی تەنیا بۆ چارەسەرکردنی فەرمانبەرانی کۆمپانیاکه خەرج دەکرێت. پێویستی به مۆڵەتی بەکارهێنان هەیه و بەڕێوەبەرایەتی لەکاتی پێویستی بڕیار لەسەر شیکردنەوەی تاقیگەییان دەدات.

د- ئەو بەرهەمانەی ترانزێت دەکرێن بۆ دەرەوەی هەرێم که له ماددەی دەیەم، شەشەم، خاڵەکانی (١ و ٢) دا ئاماژەیان پێکراوه پێویستیان به مۆڵەتی بەکار هێنان و شیکردنەوەی تاقیگە نیە.

هـ - بەرهەمەکانی بەکارهێنانی کەسی، پێویستیان به مۆڵەتی بەکار هێنان و شیکردنەوەی تاقیگە نیە.

و- نموونەی پزیشکی خۆڕایی، پێویستیان به مۆڵەتی بەکار هێنان و شیکردنەوەی تاقیگە نیە.

٧- پێشینەیی بۆ مۆڵەتی بەکارهێنان:

ا- گرێبەستی حکومی

ب- بەرهەمی کارگەی خۆماڵی

ج- ئەو بەرهەمانەی بڕوانامەی بەکارهێنانی له دەستەی ڕێکخستنی سەرچاوەیەوە هەیە.

د- ئەو بەرهەمانەی بڕوانامەی بەکارهێنانی له دەستەی ڕێکخستنی ناسەرچاوەیەوە هەیە.

٨- دەبێت بەڕێوەبەرایەتی ڕێبەرێکی ڕێنمایی تایبەت بۆ پێویستیەکانی هەڵسەنگاندن و شیکردنەوه و پێدانی مۆڵەتی بەکارهێنان بۆ بەرهەمە (دەرمانسازی/پزیشکی) یەکان دابنێت لەماوەی دوو (٢) مانگ له دەرچوونی ئەم ڕێنماییانه و لایەنی کەم هەر دوو ساڵ جارێکیش ڕێبەری ڕێنماییەکە پێداچوونەوەی بۆ بکرێت، هەر گۆڕانکاریەک له ڕێبەرەکەدا بکرێت لەدوای نۆ (٩) مانگ له گۆڕانکاری کردنەکە دەبێتە مەرج.

**ماددەی (١٣): (کۆگاکردن و گواستنەوە)**

١- دەبێت گشت بەرهەمەکان له هەموو کاتەکاندا بەپێی مەرجەکانی کۆگاکردنی کارپێکراو و دانراو لەسەر ڕووبەرگی بەرهەمەکە، کۆگا بکرێن و بگوازرێنەوە (له کارگەوە بۆ کۆگای کۆمپانیا)، بۆ مسۆگەرکردنی کواڵیتی گونجاوی بەرهەمەکە.

٢- هاوردەکار بەرپرسیارە له کۆگاکردن و گواستنەوەی بەرهەمەکان بەپێی مەرجی کارپێکراوی کۆگاکردن له کوردستان (له کارگەوە بۆ ئەو شوێنانەی که له (ماددەی پێنجەم، یەکەم، خاڵی ١٣ بڕگەکانی( ١تا٦) دا هاتوون.

٣- دەبێت هەموو بەرهەمەکان له کاتی گواستنەوەیان له وڵاتی سەرچاوە تا دەگەنە کۆگای کۆمپانیا، (تۆمارکەری داتای گواستنەوە) یان بۆ تۆماری پلەی گەرمی و شێ لەگەڵدا بێت.

٤- دەبێت بەڕێوەبەرایەتی ڕێبەرێکی هونەری بۆ پێویستیەکانی کۆگاکردن و گواستنەوە دابنێت لەماوەی دوو (٢) مانگ لە دەرچوونی ئەم ڕێنماییانە و لایەنی کەم هەر دوو ساڵ جارێکیش ڕێبەری ڕێنماییەکە بەپێی پێوەرە نەتەوەیی یان نێونەتەوەییەکانەوە نوێ بکرێتەوە و/یان پێداچوونەوەی بۆ بکرێت، هەر گۆڕانکاریەک لە ڕێبەرەکەدا بکرێت لەدوای نۆ (٩) مانگ لە گۆڕانکاری کردنەکە دەبێتە مەرج.

**ماددەی (١٤): ( چاودێری و مەرجەکانی گواستنەوە)**

**یەکەم: (چاودێری دوای بەبازاڕکردن)**

١- لیژنەکانی پشکنینی بەڕێوەبەرایەتی مافی چوونە ناو گشت شوێنەکانی بەکارهێنان وخەرجکردنی بەرهەمی (دەرمانسازی/پزیشکی) یان لە هەرێمدا هەیە.

٢- دەبێت لیژنەی پشکنین کەسانێکی خاوەن شارەزایی زانستی و کردەکی لەو بەرهەمانەی پشکنینیان بۆ دەکەن تێدا بێت.

٣-لیژنەکانی پشکنین بە هەماهەنگی لەگەڵ هێزە ئەمنیەکان و یان سەندیکاکانی پەیوەندیدار کار دەکەن.

٤- لیژنەکانی پشکنین یاسا و ڕێنمایی کارپێکراو، لە پیادەکردنی کارە فەرمییەکانیاندا جێبەجێ دەکەن.

٥- ڕاکێشانی نموونەی هەڕەمەکی، بۆ بەرهەمی (دەرمانسازی/پزیشکی)، لە شوێنەکانی بەکارهێنان و خەرجکردن بۆ مەبەستەکانی چاودێریکردن دوای بەبازاڕکردن و بۆ دڵنیابوونەوە لە کواڵیتی و توانستیان لە ئەرکەکانی ئەم بەشەیە.

٦-دەبێت بەڕێوەبەرایەتی ڕێبەرێکی ڕێنمایی تایبەت بە چاودێری دوای بەبازاڕکردن دابنێت لەماوەی شەش (٦) مانگ لە دەرچوونی ئەم ڕێنماییانە و لایەنی کەم هەر دوو ساڵ جارێکیش ڕێبەری ڕێنماییەکە پێداچوونەوەی بۆ بکرێت، هەر گۆڕانکاریەک لە ڕێبەرەکەدا بکرێت لەدوای سێ (٣) مانگ لە گۆڕانکاری کردنەکە دەبێتە مەرج.

٧-چاودێریکردن و قەدەغەکردنی کردەکانی ڕێکلام و برەوپێدانی گومڕاکەر.

٨-بەرهەمی گوماناوی بەوەی کە ساختە بێت، دەبێت لە گشت شوێنەکانی بەکارهێنان و خەرجکردن بکێشرێتەوە و جیا بکریتەوە تاکاتی هاتنی دووپاتکردنەوەیەکی فەرمی لەلایەن کۆمپانیای بەرهەمهێنەر بۆ نیشانە و ناوی بازرگانی پەسەندی تۆمارکراوی بەرهەمەکە، بە چەسپاندنی ساختەییەکەی، دوای تەواوکردنی سەرجەم ڕێکارەکان لەم بارەیەوە، ڕاستەوخۆ لەناو دەبرێت، هاوردەکاریش تەواوی خەرجییەکانی لە ئەستۆ دەگرێت.

٩-بەرهەمی خەوشدار یان چەواشەکار، دەبێت بەکارهێنانی بوەستێنرێت، تا لێکۆڵینەوەی زانستی و کردەکی ئەنجام دەدرێت و بڕیارەکە لەلایەن بەڕێوەبەرایەتیەوە ئەنجامی کۆتایی وەردەگرێت، دواتر لەناو ببرێت، هاوردەکاریش تەواوی خەرجییەکانی لە ئەستۆ دەگرێت.

**دووەم: مەرجەکانی گواستنەوە لە نێوان شارەکان**

١- دەبێت کۆمپانیا بەو ڕێگایانە بارەکانی بگوازێتەوە کە لە نێوان بەڕێوەبەرایەتی و بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی گشتی هەرێمی کوردستان دیاری کراوە بۆ گواستنەوەی بەرهەمەکانیان، جگە لە بەکارهێنانی ئەو ڕێگایانە، ڕێگاکانی تر قەدەغەیە.

٢- پێویستە گواستنەوەی بەرهەمەکان لە کاتی دەوامی فەرمی هۆبەی بازگەکانی بەڕێوەبەرایەتی بێت وە بەشی چاودێری بازاڕ لە بەڕێوەبەرایەتی بەرپرسە لە دیاریکردنی بازگەکان بە هەماهەنگی لەگەڵ دەزگا ئەمنیەکان بۆ گواستنەوەی دەرمان و پێداویستی پزیشکی.

٣-پێویستە شوفێری بارهەڵگر هەموو ئەو بەڵگەنامانەی بەڕێوەبەرایەتی پێبێت کە پێویستن بۆ گواستنەوەی بەرهەمەکانیان.

٤- پێویستە بەرهەمەکان بە هەمان مەرجی گواستنەوە لە خاڵەسنووریەکان بگوازرێنەوە.

٥- دەبێت بەڕێوەبەرایەتی لە ڕێبەری چاودێری دوای بەبازاڕکردن ڕێکارەکانی گواستنەوە و مەرجەکانیان دیار بکات.

**٦-ماددەی (١٥): (چاودێری کاریگەریە لاوەکیەکانی دەرمان)**

١- هاوردەکار یاخود خاوەنی مافی بەبازاڕکردن کە خۆماڵی بن یاخود کارگەی بەرهەمهێنەرە خۆماڵیەکان پێویستە لەسەریان سیستەمی چاودێری کاریگەرییە لاوەکیەکانی دەرمانیان هەبێت وە مەرجە لەژێر سەرپەرشتی دەرمانساز بێت.

٢- دەبێت ئەو دەرمانسازەی سەرپەرشتی سیستەمی کاریگەرییە لاوەکیەکانی دەرمان دەکات لەو بوارەدا ڕاهێنراو بێت وە ئەزموونی لە پێنج (٥) ساڵ کەمتر نەبێت و ئەندامی سەندیکای دەرمانسازانی کوردستان بێت.

٣-دەبێت بەڕێوەبەرایەتی بەشێوەیەکی بەردەوام چاودێری کواڵیتی و سەلامەتی و کاریگەری بەرهەمە (دەرمانسازی/پزیشکی)یە مۆڵەت پێدراوەکان بکان بۆ ئەوەی دڵنیا ببێتەوە کە سودەکانیان زیاترە لە مەترسیەکانیان.

٤- بەڕێوەبەرایەتی بۆی هەیە هەماهەنگی بکات لەگەڵ وەزارەتی فیدراڵی یاخود دەزگا نێودەوڵەتیەکانی بواری چاودێری کاریگەریە لاوەکیەکانی دەرمان.

٥- دەبێت بەڕێوەبەرایەتی، ڕێبەرێکی ڕێنمایی تایبەت بە سیستەمی چاودێری کاریگەریە لاوەکیەکانی دەرمان بۆ بەرهەمە دەرمانسازی و پزیشکی یەکان دابنێت؛ لەماوەی یەک (١) ساڵ لە دەرچوونی ئەم ڕێنماییانە و دوای شەش مانگ لە دەرچوونی دەبێتە مەرج وە لایەنی کەم هەر دوو ساڵ جارێکیش ڕێبەری ڕێنماییەکە پێداچوونەوەی بۆ بکرێت، هەر گۆڕانکاریەک لە ڕێبەرەکەدا بکرێت لەدوای چوار (٤) مانگ لە گۆڕانکاری کردنەکە دەبێتە مەرج.

**ماددەی (١٦): (بەرهەمی خۆماڵی)**

١- بەرهەمی کارگەی خۆماڵی، لە پرۆسەی تۆمارکردن و بەلیستکردن، پێش بەرهەمەکانی تر دەخرێن.

٢- ئەو بەرهەمەی لەژێر مۆڵەتی کۆمپانیای خاوەن لۆگۆی بازرگانیەوە دروستکراوە، ڕاستەوخۆ دوای پێشکەشکردنی دۆسیەی تەواو و مەرجی سەقامگیری، تۆمار یان بەلیست دەکرێت.

٣- مۆڵەتی هاوردەکردن یان مۆڵەتی هێنانە ژوورەوە (ڕێگەپێدان) دەدرێتە گشت ئەو ماددە خاو و سەرەتاییانەی بۆ دروستکردنی بەرهەمی تۆمارکراو بەکاردێن.

٤- مۆڵەتی هێنانە ژوورەوە (ڕێگەپێدان) دەدرێتە گشت ئەو ماددە خاو و سەرەتاییانەی بۆ توێژینەوە و پەرەپێدانی بەرهەمی هێڵەکان بەکاردێن، ئەویش بە بڕی سنوردار.

**ماددەی (١٧): کورتهێنانی بەرهەمی (دەرمانسازی/پزیشکی)**

١- لەکاتی کورتهێنانێکی بەرچاو یان دەستنەکەوتنی ماددەیەک یان بەرهەمێکی (دەرمانسازی/پزیشکی) کە ڕزگارکەری ژیانی نەخۆش بێت و لە دامودەزگا تەندروستیەکاندا پێویست بێت، ئەوا ئەو بەرهەمە لە ڕێوشوێنەکانی تۆمارکردن و بەلیستکردن بێبەری دەکرێت، تەنیا لەپێناو قەرەبووکردنەوەی کەموکورتیە پەیدابووەکە.

٢- پاڵپشت بە نووسراوی ڕەزامەندی وەزارەت کە بابەتی کورتهێنانەکە پشتڕاست دەکاتەوە، مۆڵەتی هێنانە ژوورەوە (ڕێگەپێدان) بۆ (بەرهەمی دەرمانسازی/ پزیشکی)یەکە دەدرێت.

٣- دوای قەرەبوو کردنەوەی بەرهەمەکە و بەردەست بوونی لە بازاڕ، دووبارە گشت ڕێنماییە کارپێکراوەکان لەسەر بەرهەمەکە جێبەجێ دەکرێت.

**ماددەی (١٨): (لەناوبردنی بەرهەمە دەرمانسازی و پزیشکی یەکان)**

١- هەر بەرهەمێکی دەرمانسازی یان پزیشکی کە ماوەی بەسەرچوو بێت یان ماددەی نەخواستراو بێت (لە هەڵسەنگاندن و پشکنینی تاقیگەیی دەرنەچووبێت، دەستی بەسەرداگیرابێت، بڕیاری کشاندنەوەی لە بازاڕەکان دەرچوو بێت)، لەناودەبردرێت یاخود دەگەڕێندرێتەوە بۆ وڵاتی سەرچاوگە (تەنها ئەگەر لە پشکنینی تاقیگەیی دەرنەچووبێت) بە پێی ڕێنماییەکانی بەڕێوەبەرایەتی.

٢- دەبێت بەڕێوەبەرایەتی، ڕێبەرێکی ڕێنمایی تایبەت بۆ لەناوبردنی بەرهەمە دەرمانسازی و پزیشکی یەکان دابنێت؛ لەماوەی دوو (٢) مانگ لە دەرچوونی ئەم ڕێنماییانە و لایەنی کەم هەر دوو ساڵ جارێکیش ڕێبەری ڕێنماییەکە پێداچوونەوەی بۆ بکرێت، هەر گۆڕانکاریەک لە ڕێبەرەکەدا بکرێت لەدوای سێ (٣) مانگ لە گۆڕانکاری کردنەکە دەبێتە مەرج.

٣- لەناوبردنی بەرهەمە دەرمانسازی و پزیشکی یەکان بەپێی کێش و جۆر (شێوازی دەرمانسازی) دەبێت، هەر جۆرێک پرۆسەی تایبەتی خۆی دەبێت بۆ لەناوبردن.

٤- تێچووی لەناوبردنی هەر بەرهەمێک لە ئەستۆی خاوەنەکەی دەبێت.

**ماددەی (١٩): (بەڵێننامە یاساییەکان)**

١- دەکرێت بەڵێننامەیەک بدرێت بۆ دابینکردنی بەڵگەنامە فەرمیە ڕەسەنە داواکراوەکان بۆ بەڕێوەبەرایەتی، بەپێی ڕێنماییەکان لە ماوەی سێ (٣) مانگدا بەو مەرجانەی:

٢- بەڵگەنامە داواکراوەکە، بڕوانامەی کواڵیتی تایبەت بە کارگەی بەرهەمهێنەری بەرهەمی (دەرمانسازی/پزیشکی) نەبێت.

٣- وێنەیەکی کۆپیکراو لە بەڵگەنامەکە بەردەست بێت، تەنانەت ئەگەر پەسەندکراویش نەبێت.

٤- دەکرێت بەڵێننامەیەک بدرێت کە لە ماوەی سێ (٣) مانگدا کەم و کوڕی زانیارییەکان کە لە بەڵگەنامە پێشکەش کراوەکاندا داواکراوە دابین بکرێت.

٥- دەبێت بەڕێوەبەرایەتی، ڕێبەرێکی ڕێنمایی تایبەت بە بەڵێننامە یاساییەکان دابنێت لەماوەی چوار (٤) مانگ لە دەرچوونی ئەم ڕێنماییانە و لایەنی کەم هەر دوو ساڵ جارێکیش ڕێبەری ڕێنماییەکە پێداچوونەوەی بۆ بکرێت، هەر گۆڕانکاریەک لە ڕێبەرەکەدا بکرێت لەدوای سێ (٣) مانگ لە گۆڕانکاری کردنەکە دەبێتە مەرج.

**ماددەی (٢٠): (ڕسوماتی ڕێکخستن و هونەری)**

١- ڕسومات بۆ گشت ئەو خزمەتگوزارییانەی کە لەلایەن بەڕێوەبەرایەتیەکەمانەوە پیشکەش دەکرێن، وەردەگیرێن.

٢- ڕسومات لەگەڵ پرۆسەی پێشکەشکردنی بەڵگەنامەکان بۆ بەڕێوەبەرایەتی پێشوەختە وەردەگیرێت.

٣- دەبێت بەڕێوەبەرایەتی خشتەیەک دابنێت کە پەسەند کرابێت لە ئەنجومەنی وەزیران، وەزارەتی دارایی و ئابوری، هەروەها وەزارەتی تەندروستی بۆ دیاریکردنی ڕسومات بۆ ئەو خزمەتگوزاریانەی وەریان دەگرێت.

**ماددەی (٢١): (سزا و پێبژاردن)**

١- بەڕێوەبەرایەتی دەسەڵاتی هەیە سزای کارگێڕی و یاسایی، سزای پێبژاردن (کە دەرچوو بێت لە ئەنجومەنی وەزیران یان وەزارەتی دارایی) بەپێی جۆر و شێوازی پێشێلکاری و ڕێژەی مەترسی، یان زیانەکەی لەسەر تەندروستی مرۆڤ دیاری بکات و وەربگرێت.

٢- دەبێت بەڕێوەبەرایەتی ڕێبەرێکی تایبەت بە سزا کارگێڕی و یاساییەکان دابنێت وە پێشنیاری سزا داراییەکان بەرزبکاتەوە بۆ وەزارەتی دارایی یان ئەنجومەنی وەزیران لەماوەی دوو (٢) مانگ لە دەرچوونی ئەم ڕێنماییانە و لایەنی کەم هەر دوو ساڵ جارێکیش ڕێبەری ڕێنماییەکە پێداچوونەوەی بۆ بکرێت، هەر گۆڕانکاریەک لە ڕێبەرەکەدا بکرێت لە ڕۆژی دەرچوونی کارا دەبێت و دەبێتە مەرج.

**ماددەی (٢٢): (دۆخی زاڵ و باری لەناکاو)**

١- جەنگ، بومەلەرزە، پەتا و نەخۆشی، لافاو، داخستن یان، هەر بارێک کە حکوومەت بە باری لەناکاوی ڕابگەیەنێت.

٢- لە کاتی ڕاگەیاندنی باری لەناکاو لەلایەن حکومەتەوە، دەبێت بەڕێوەبەرایەتی لیژنەیەکی تایبەت بە دۆخی زاڵ و باری لەناکاو لە ماوەی (٢٤) کاتژمێر پێک بهێنێت.

٣- هەموو ئەو بەرهەمانەی ژیانی هاووڵاتیان و دانیشتووانی هەرێم لەو بارودۆخەدا دەپارێزێت، بێبەری دەکرێن لە ڕێنماییە کارپێکراوەکان، هاوکات پرۆسە و بەڵگەنامەکان دەپارێزرێن لەپێناو بەدەستخستنی بەرهەمی پێویست و کوالێتی بەرز.

٤- دەشێت پرۆتۆکۆڵی سەرکەوتووی وڵاتانی دیکە، وەکو ڕێبەر دابنرێن و لە کوردستاندا پەیڕەو بکرێن تا ئەو کاتەی بەڕێوەبەرایەتی ڕێنمایی و ڕێکاری گونجاوتریان بۆ دەدۆزێتەوە.

٥- دەبێت بەڕێوەبەرایەتی ڕێبەرێکی هونەری تایبەت بە باری لەناکاو و دۆخی زاڵ دابنێت؛ لەماوەی یەک (١) ساڵ لە دەرچوونی ئەم ڕێنماییانە و لایەنی کەم هەر دوو ساڵ جارێکیش ڕێبەری ڕێنماییەکە بەپێی پێوەرە نەتەوەیی و نێونەتەوەییەکان پێداچوونەوەی بۆ بکرێت، هەر گۆڕانکاریەک لە ڕێبەرەکەدا بکرێت لەدوای سێ (٣) مانگ لە گۆڕانکاری کردنەکە دەبێتە مەرج.

**ماددەی (٢٣): (ئەو بارانەی ڕێنماییان بۆ نەدۆزراوەتەوە)**

١- ئەو بارە ڕێکخستن یان هونەرییانەی ئەم ڕێنماییانە ڕووماڵیان ناکەن، دەکرێت بە پشتبەستن بەیاسای تەندروستی گشتی ژمارە (٨٩) ساڵی ١٩٨١ چارەسەر بکرێن، یان هەر ڕێبەرێکی کارپێکراو لەلایەن دەسەڵاتی ڕێکخستنی سەرچاوەییەوە، دەسەڵاتی ڕێکخستنی ناسەرچاوەییەوە، پشتی پێ ببەسترێت و جێبەجێ بکرێت. تاکو بخرێنە ناو یەکێک لە ڕێبەرەکانی ئەم ڕێنماییەوە.

٢- ئەو بارە ڕێکخستن یان هونەرییانەی کە نە ئەم ڕێنماییانە ڕووماڵیان دەکەن، نە ڕێبەرەکانی ڕێکخستنی دەسەڵاتی تر، بۆ بڕیار وەرگرتن و چارەسەری دانان، دەبێت سەیری ڕێرەوی مەترسیان بکرێت.

٣- بۆ جێبەجێ کردنی خاڵەکانی سەرەوە، دەبێت بەڕێوەبەرایەتی لیژنەیەکی زانستی هونەری دابنێت.

**ماددەی (٢٤): (مایەپوچبوون)**

١- مایەپوچبوون ڕێکارێکی یاساییە کەوا بازرگان یاخود کۆمپانیایەکی بازرگانی توانای پێدانەوەی قەرزەکانی نامێنێت کەوا لەسەری کەڵەکە بوون، بۆیە ناچار دەبێت مایەپوچبوونی خۆی ڕابگەیەنێت هەروەک لە یاسای بازرگانی عێراقی ژمارە (١٤٩) ساڵی ١٩٧٠ی هەموارکراو دا هاتووە.

٢- دوای ڕاگەیاندنی مایەپوچبوون لەلایەن هەر یەک لە (هاوردەکار/خاوەنی مافی بەبازاڕکردن "خۆماڵی") بەشێوەیەکی فەرمی وە ئاگادار کردنەوەی بەڕێوەبەرایەتی بە نوسراوی فەرمی ئەوا سەرجەم مامەڵەکانی تایبەت بەو (هاوردەکار/خاوەنی مافی بەبازاڕکردن "خۆماڵی")یە ڕادەگیرێن لە بەڕێوەبەرایەتی تا ئەو کاتەی دادگا بابەتەکە یەکلایی دەکاتەوە.

٣- دوای ڕاگەیاندنی مایەپوچبوون لەلایەن هەر یەک لە (خاوەنی مافی بەبازاڕکردن "بیانی"/کۆمپانیای بەرهەمهێنەر/پێگەی کارگە) بەشێوەیەکی فەرمی وە ئاگادار کردنەوەی بەڕێوەبەرایەتی بە نوسراوی فەرمی ئەوا سەرجەم مامەڵەکانی تایبەت بەو (خاوەنی مافی بەبازاڕکردن "بیانی"/کۆمپانیای بەرهەمهێنەر/پێگەی کارگە)یە ڕادەگیرێن لە بەڕێوەبەرایەتی.

٤- بە هەمان شێوە گشت (بەرهەمی دەرمانسازی/پزیشکی) یەکانی تایبەت بەو (هاوردەکار/خاوەنی مافی بەبازاڕکردن "خۆماڵی و بیانی"/کۆمپانیای بەرهەمهێنەر/پێگەی کارگە)یە کەوا (تۆمار/بەلیست) کراون هەڵدەپەسێردرێن لە بەڕێوەبەرایەتی.

٥- دەکرێت (خاوەنی مافی بەبازاڕکردن"بیانی"/کۆمپانیای بەرهەمهێنەر/پێگەی کارگە) کارئاسانی بۆ بکرێت لەو بەڵێننامە یاساییانەی داویەتی بەمەبەستی دابین کردنی بەڵگەنامە ڕەسەنەکان، بەڵام دەبێت پابەند بێت بە شایستە داراییەکانی بەرامبەر بە بەڕێوەبەرایەتی.

**ماددەی (٢٥): (فێرکردنی بەردەوام)**

١- بەڕێوەبەرایەتی دەتوانێت هەماهەنگی بکات لەگەڵ سەنتەرەکانی تویژینەوە، کۆمپانیاکان، هەروەها دەزگاکانی تایبەتمەند بە بواری بەرهەمی دەرمانسازی/پزیشکی لە ناوەوە و دەرەوەی هەرێمی کوردستان-عێراق لە هەردوو کەرتی تایبەت و حکومی بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەت بۆ بەشداری پێکردنی کارمەندانی بەڕێوەبەرایەتی بە مەبەستی بەرزکردنەوەی ئاستی زانستی و لێهاتووییان لەو بوارانەی کە بەڕێوەبەرایەتی پێویستی پێانە.

٢- بەڕێوەبەرایەتی بۆی هەیە پەیوەندی و هەماهەنگی بکات لەگەڵ دەزگاکانی کۆنترۆڵی جۆری و دەستەکانی ڕێکخستنی بەرهەمی دەرمانسازی/پزیشکی لە وڵاتانی تر بە مەبەستی ئاڵ و گۆڕکردنی زانیاری و ئەزموون هەروەها ڕێکخستنی وۆرکشۆپ و کۆڕ و سیمینار بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەت.

٣- بەڕێوەبەرایەتی دەتوانێت هەماهەنگی بکات لەگەڵ کۆلێژ و زانکۆکان لە هەرێمی کوردستان بۆ ڕێنمایی کردنی قوتابیان و ئاراستەکردنیان بۆ بابەتەکانی پەیوەندیدار بە کۆنترۆڵی جۆری بەرهەمی دەرمانسازی/پزیشکی هەروەها هاندانیان بۆ هەڵبژاردنی ئەو بابەتانەی پەیوەندیدارن بە کۆنترۆڵی جۆری بەرهەمی دەرمانسازی/پزیشکی لە توێژینەوەکانیان.

٤- پێویستە بەڕێوەبەرایەتی سەرپەرشتی کردنەوەی کۆڕ و سیمینار و وۆرکشۆپ بکات بۆ کارمەندانی کۆمپانیا هاوردەکارەکان و بەرهەمهێنەرەکان لە هەرێمی کوردستان-عێراق بەمەبەستی بەرەوپێش بردنی تواناکانیان و ئاشنا کردنیان بە ڕێنمایی و ڕێکارە کارپێکراوەکان لە بەڕێوەبەرایەتی.

**ماددەی (٢٦):** کار بە هیچ دەقێك ناکرێت کە لەگەڵ ئەحکامەکانی ئەم ڕێنماییە دژکار بێت.

**ماددەی (٢٧):** لە دوای دەرچوون و چوونەبواری جێبەجێ کردنی ئەم ڕێنماییانە، ڕێنمایی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠١٦ هەڵدەوەشێندرێتەوە و کاری پێناکرێت.

**ماددەی (٢٨):** ئەم ڕێنماییە لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی (وەقایعی کوردستان)ەوە جێبەجێ دەکرێت.

**د.سامان حسین بەرزنجی**
**وەزیری تەندروستی**

**وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی**

**ژمارە: ١٤١٢ لە ٢٠٢٣/٢/٢١**

پاڵپشت بەحوکمەکانی پەیڕەوی ژمارە (١٧) ی ساڵی ٢٠٢٢ پەیڕەوی هەموارکردنی پەیڕەوی خانەی دایەنگاکان لە هەرێمی کوردستان _ عێراق ژمارە (٧) ی ساڵی ٢٠١٣ و بەپێی ئەو دەسەڵاتەی کە پێمان دراوە لە ماددەی (حەڤدەم/١)ی پەیڕەوی خانەکانی دایەنگاکان ژمارە (٧) ی ساڵی ٢٠١٣ ، ئەم ڕێنماییەمان دەرکرد :-

**ڕێنمایی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٢٣**

**هەموارکردنەوەی سێیەمی ڕێنمایی ژمارە (١) ی ساڵی ٢٠١٥**

**تایبەت بە خانەی دایەنگاکان لە هەرێمی کوردستان _عێراق**

**ماددەی (١):** هەموارکردنەوەی ماددەی سێیەم لە ڕێنمایی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠١٥ بەزیادکردنی بڕگەیەکی تر بۆی و بەم شێوەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە :

**چوارەم :**

**أ.** إستيفاء بدل الاجازة لفتح دار الحضانة الاهلية بمبلغ وقدره **(٢٥٠,٠٠٠)** مائتان وخمسون ألف دينار .

**ب.** إستيفاء بدل الاجازة لفتح دار الحضانة في المؤسسات شبه الرسمية والنقابات والمنظمات و الجمعيات بمبلغ وقدره **(١٠٠,٠٠٠)** مائة الف دينار كل سنتين .

**ج.** إستيفاء بدل تجديد الاجازة لفتح دار الحضانة بمبلغ وقدره **(١٥٠,٠٠٠)** مائة وخمسون ألف دينار كل سنتين .

**ماددەی (٢):** ئەم ڕێنماییە لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی **(وقايعی كوردستان)** جێبەجێ دەکرێت .

**کوێستان محمد عبدالله**

**وەزیری کار و کاروباری کۆمەڵایەتی**

---

**وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی**

**ژمارە: ١٤١٤ لە ٢٠٢٣/٢/٢١**

**بەیانی ژمارە (٥)ی ساڵی ٢٠٢٣**

بەپێی ئە و دەسەڵاتەی کە پێمان دراوە لە ماددەی (٧)ی بڕگە(٢) لە یاسای وەزارەتی کاروکاروباری کۆمەڵایەتی ژمارە (١٢) ساڵی ٢٠٠٧ بڕیارماندا بە :

١-هێنانەکایەی(استحداث ) کردنی **(هۆبەی یاسایی)** لە بەرێوەبەرایەتی چاودێری و گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی کۆیە بۆ ڕاپەڕاندنی ئیش و کارەکانی یاسایی لەو بەرێوەبەرایەتیە .

٢-ئەم بەیانە لە ڕێکەوتی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی (وەقایعی کوردستان)کاری لە سەر دەکرێت .

**کوێستان محمد عبدالله**

**وەزیری کار و کاروباری کۆمەڵایەتی**

**دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگە**
**ژمارە: ٤١١ لە ٢٠٢٣/٣/١**

**بەیانی**
**ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٢٣**

پاڵپشت بەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە ماددەی (٨)ی یاسای بڵاوکردنەوە لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) ژمارە (٤)ی ساڵی ١٩٩٩، لە بەربوونی هەڵەی چاپ لە چەند بڕگەو ماددەیەک لە ڕێنمایی ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠٢٢ تایبەت بە (خۆپاراستن لە تیشکی نائایۆنی دەرچوو لە سیستەمەکانی پەخش و ناردن و پەیوەندییە بێتەلەکانی وەک مۆبایل) بڕیارماندا بە دەرکردنی بەیانی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٢٣ بەمەبەستی ڕاستکردنەوەی هەڵەکان بەو شێوەیەی خوارەوە:

**یەکەم: لە ماددەی( ٣) دا:**

أ. بڕگەی دووەم (ب) بەم شێوەی خوارەوەی لێدێت:

( وێستگە بنەڕەتیەکان (گەورەوبچووك) لەسەربیناکانی نەخۆشخانەکان و پەرستگاکان و دایەنگەکان و باخچەی ساوایان وقوتابخانەکان و شوێنەکانی پڕۆژەی ئاژەڵداری).

ب. لە بڕگەی (سێیەم) خاڵەکانی (٢، ٣، ٤، ٥، ١١) لە (ج) ڕادەگیرێت.

ج. لە بڕگەی (سێیەم) لە خاڵی (١٠) لە (ج) ،(٣٠٠) مەتر دەبێتە (٦٠) مەتر.

د. لە بڕگەی (سێیەم) لە خاڵی (د) بەم شێوەی خوارەوەی لێدێت:

(لەبەر هەستیاری دامەزراوە فێرکارییەکانی وەك دایەنگە و باخچەی ساوایان و قوتابخانە و دامەزراوە تەندروستیەکان و سەنتەرەکانی چارەسەرکردنی نەخۆش، پێوستە کە دووری نێوان ئەو دامەزراوانە و وێستگەکانی پەیوەندییە بێتەلەکان و تاوەرەکانی گەیاندن لە (٥٠) مەتر کەمتر نەبێت).

هـ. لە بڕگەی (سێیەم) خاڵی (٦) لە (د) ڕادەگیرێت.

**دووەم:** لە ماددەی (٥)دا:

أ. بڕگەی (یەکەم) خاڵی ( د) بەم شێوەی خوارەوەی لێدێت.

(ڕەزامەندی وەزارەتی ژینگەی عێراقی فیدراڵ بۆ دامەزراندنی سیستەمی مۆبایل)

ب.بڕگەی (دووەم) ڕادەگیرێت.

**سێیەم:** ئەم بەیانە لە ڕۆژی بڵاوکردنەوە لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) کاری پێدەکرێت.

**ئەندازیار**
**عبدالرحمن صدیق**
**سەرۆکی دەستە**

**جمهورية العراق**
**اقليم كوردستان**
**الرئيس**

**قرار**
**رقم (٣) لسنة ٢٠٢٣**

وفقاً للصلاحيات الممنوحة لنا في الفقرة (اولاً) من المادة (العاشرة) لقانون رئاسة إقليم كوردستان رقم (١) لسنة ٢٠٠٥ المعدل، وبناءً على ما شرعه برلمان كوردستان في جلسته الاعتيادية المرقم (١٤) بتاريخ ٢٠٢٢\١١\٢٩، قررنا إصدار:

**القانون رقم (١٤) لسنة ٢٠٢٢**
**قانون تنظيم التعامل مع الحيوانات الأليفة والسائبة**

**المادة (١):**

يقصد بالمصطلحات والعبارات الآتية لأغراض أحكام هذا القانون المعاني المبينة إزائها:-

**أولاً** : **الإقليم**: إقليم كوردستان - العراق.

**ثانياً** : **الوزارة**: وزارة الزراعة والموارد المائية في الإقليم.

**ثالثاً** : **الوزير**: وزير الزراعة والموارد المائية في الإقليم.

**رابعاً** : **المديرية العامة**: المديرية العامة للثروة الحيوانية والبيطرة في الوزارة.

**خامساً** : **المديرية**: مديرية البيطرة في المحافظات والإدارات المستقلة.

**سادساً** : **الحيوان الأليف**: الحيوان الأليف بطبيعته أو القابل لأن يكون أليفاً ، سواء أكان سائباً أم لا، ولا يشمل الحيوان المفترس.

**سابعاً** : **الحيوان السائب**: الحيوان الذي له القدرة على العيش مع الإنسان بطبيعته، ولكنه بدون مالك أو تخلى عنه مربيه ويتجول وينتشر في الأماكن العامة.

**ثامناً** : **الحيوان البري**: الحيوان الذي ولد بعيداً عن أيدي الإنسان، ونما في مراحله الحياتية دون مساعدة منه ولا يستأنس الإنسان بطبيعته، سواءً كان مفترساً أم لا.

**تاسعاً** : **مربي الحيوان**: كل من أكمل الخامسة عشر من عمره، يشرف ويراقب ويتصرف بحيوان أليف بصورة فعلية، سواءً كان مالكه الحقيقي أو حائزاً له.

**عاشراً** : **وثيقة الصحة البيطرية**: وثيقة تنظم من قبل الطبيب البيطري وتصادق المديرية عليها.

**حادي عشر**: **الأمراض المعدية**: الأمراض التي تنتقل بسرعة من حيوان إلى حيوان آخر عن طريق الفايروس والبكتريا، والفطريات، والبرايونات والطفيليات الخارجية والداخلية.

**ثاني عشر**: **الأمراض المشتركة**: الأمراض التي تنتقل من الحيوان إلى الإنسان أو بالعكس.

**ثالث عشر**: **دفتر تسجيل الحيوان**: الدفتر الذي تدون فيه المعلومات الخاصة بالحيوان الأليف ومربيه أو بالحيوان السائب.

**المادة (٢):**

يهدف هذا القانون إلى ما يأتي:-

**أولاً** : المحافظة على الحيوانات الأليفة والسائبة، وحماية الصحة البيطرية وتنظيم تربيتها والتعامل معها.

**ثانياً** : حماية سلامة وصحة الإنسان والبيئة والصحة العامة من أضرار الحيوانات الأليفة والسائبة.

**ثالثاً** : نشر ثقافة الرفق بالحيوان.

**المادة (٣):**

تتولى المديرية المهام الآتية:-

**أولاً** :

١- فتح عيادات خاصة بالمعالجة الصحية للحيوانات، وتشكيل فرق طبية بيطرية متنقلة للإسعافات الأولية والمعالجة الطبية.

٢- تقييم مخاطر انتشار الأمراض والسيطرة عليها، عن طريق توصية المفتش البيطري المتنقل بأجراء الزيارات الميدانية والتشخيص المختبري.

٣- حملات تطعيم وعزل وحجر الحيوانات ومعالجتها أو القضاء على الحيوانات المريضة في ضوء القوانين النافذة في الإقليم.

**ثانياً** :

إنشاء المآوى للحيوانات السائبة والمحجوزة والمريضة التي تحتاج إلى رعاية خاصة، وتسجيلها وحمايتها ورعاية صحتها.

**ثالثاً** :

١- المسح الميداني والمستمر للحيوانات السائبة.

٢- تسجيل وتنظيم بطاقات الحيوانات الأليفة ومربيها، وإنشاء دفاتر صحة الحيوانات الأليفة والسائبة.

**المادة (٤):**

لكل شخص إخطار المديرية أو قسم الإشراف على المآوى بوجود حيوان مريض أو حيوانات تحتاج إلى رعاية خاصة.

**المادة (٥):**

تقوم لجنة مختصة من الأطباء البيطريين في المديريات وبالتنسيق مع الدوائر المعنية التابعة لوزارات الداخلية والبلديات والسياحة والصحة وهيئة حماية وتحسين البيئة في كل محافظة وإدارة مستقلة، باتخاذ قرار بشأن الحفاظ على التوازن بين تكاثر الحيوانات وهلاكها، استناداً إلى معايير وإجراءات الصحة البيطرية الحديثة.

**المادة (٦):**

**أولاً** :

١- يحدد رؤساء الوحدات الإدارية و بالتنسيق مع الجهات المعنية مواقع أسواق و ساحات بيع وشراء الحيوانات الأليفة، ومعارض عرض الحيوانات مع مراعاة القوانين والأنظمة والتعليمات النافذة.

٢- تتولى المديرية مراقبة الشروط الصحية والفنية للساحات والمعارض الواردة في البند (١) من هذه الفقرة.

**ثانياً** : يحظر التعامل بالحيوانات والطيور البرية في ساحات ومعارض البيع والشراء الواردة في البند (١) من الفقرة (أولاً ) من هذه المادة.

**ثالثاً** :

١- يعاقب بغرامة لا تقل عن (٢٥٠,٠٠٠) مائتين وخمسين ألف دينار ولا تزيد على (٥٠٠,٠٠٠) خمسمائة ألف دينار كل من قام ببيع أو شراء في غير الأماكن المحددة بالإجراءات الواردة في الفقرة (أولاً ) من هذه المادة.

٢- يعاقب مالك محل بيع وشراء الحيوانات الأليفة ومالك موقع تربية الحيوانات بشكل مجموعات ومعارض عرض الحيوانات بغرامة لا تقل عن (٢٥٠,٠٠٠) مائتين وخمسين ألف دينار ولا تزيد على (١,٠٠٠,٠٠٠) مليون دينار عن كل مخالفة للفقرة (ثانياً ) من هذه المادة.

٣- تضاعف العقوبة الواردة في هذه الفقرة عند تكرار المخالفة ذاتها.

٤- فضلاً عن فرض العقوبة الواردة في البند (٣) من هذه الفقرة، للمديرية العامة اتخاذ قرار بغلق المحل بصورة مؤقتة أو دائمية.

**المادة (٧):**

**أولاً** :

١- تحظر الأفعال الآتية بحق الحيوانات الأليفة:-

أ. ارتكاب أي تصرف عمدي يؤدي إلى تعذيب الحيوان أو الإضرار به.

ب. التسميم عمداً أو نتيجة تقصير.

ج. التضحية بحيوان أليف لغرض الصيد أو قتل حيوان آخر.

د. إجراء الاقتتال بين حيوان وآخر أو بين طير وآخر بحيث يؤدي إلى الإضرار أو قتل أحدهما.

ه. استخدام أية عقاقير منشطة أو هرمونات أو ستيرويدات للحيوان دون قرار من الطبيب البيطري.

و. نشر صور و مقاطع صور متحركة فيديو خاصة بالأفعال الواردة في هذه الفقرة في وسائل الإعلام والشبكات الأجتماعية.

٢-

أ. يعاقب بغرامة لا تقل عن (٢٥٠,٠٠٠) مائتين وخمسين ألف دينار ولا تزيد على (١,٠٠٠,٠٠٠) مليون دينار كل من يرتكب أحد الأفعال الواردة في الفقرة (أولاً ) من هذه المادة بحق حيوان أليف أو حيوان سائب.

ب. تضاعف عقوبة الغرامة إذا كان المخالف يمتهن مهنة البيع والشراء والتعامل بالحيوانات.

**ثانياً** :

١- يعاقب بالحبس مدة لا تقل عن (١) شهر واحد أو بغرامة لا تقل عن (١,٠٠٠,٠٠٠) مليون دينار ولا تزيد على (٣,٠٠٠,٠٠٠) ثلاثة ملايين دينار، كل من قتل عمداً وبدون وجه حق حيواناً أليفاً أو سائباً .

٢- تعد الظروف التالية ظرفاً مشدداً للعقوبة للاغراض الواردة في البند (١) من هذه الفقرة:-

أ. إذا كان القتل بسبب استخدام السم.

ب. إذا كان القتل بطريقة بشعة.

ج. إذا كان القتل مقابل مبلغ من النقود أو منفعة.

د. إذا قام الفاعل بتكرار الجريمة.

٣- يعاقب الشخص بغرامة لا تقل عن (١٠٠,٠٠٠) مائة ألف دينار ولا تزيد على (٥٠٠,٠٠٠) خمسمائة ألف دينار إذا كان القتل خطأ أو نتيجة تقصير أو دون قصد.

**المادة (٨):**

**أولاً** :

١- تحظر تربية أو تدريب الحيوانات بشكل مجموعات في مراكز المحافظات والإدارات المستقلة والأقضية والنواحي والقرى التي لها بلديات.

٢- تحظر تربية الحيوان بشكل منفرد إذا أدت إلى تشويه الملامح الحضرية والعمرانية والأضرار الصحية والبيئية.

**ثانياً** :

١- لا يشمل حكم البند (١) من الفقرة (أولاً ) من هذه المادة حدائق الحيوانات ومشاريع رعاية وتربية الحيوانات للأغراض العلمية ومعارض عرض الحيوانات والطيور للمعاملة بها وأي مكان وحيوان آخر لا يؤدي إلى تشويه الملامح الحضرية والعمرانية والأضرار الصحية والبيئية.

٢- تخضع أماكن رعاية وتربية الحيوانات بعد تسجيلها للشروط الواردة في البند (١) من هذه الفقرة لرقابة وتفتيش الصحة البيطرية للمديريات.

٣- تحدد أعداد الحيوانات وأنواعها، وشروط وعوامل تشويه الملامح الحضرية والعمرانية والأضرار الصحية والبيئية بتعليمات يصدرها وزير البلديات والسياحة بالتنسيق مع الوزير وهيئة حماية وتحسين البيئة.

**ثالثاً** : يعاقب عن كل مخالفة بغرامة لا تقل عن (١٠٠,٠٠٠) مائة ألف دينار ولا تزيد على (٢٥٠,٠٠٠) مائتين وخمسين ألف دينار كل من يخالف أحكام بنود الفقرة (أولاً ) من هذه المادة.

**رابعاً** :

١- يعاقب بغرامة لا تقل عن (٥٠,٠٠٠) خمسين ألف دينار ولا تزيد على (١٠٠,٠٠٠) مائة ألف دينار عن كل حيوان، كل من ربى حيواناً خلافاً للأحكام الواردة في الفقرة (ثانياً) من هذه المادة.

٢- تصبح الغرامة ثلاثة أضعاف، فضلاً عن إزالة المخالفة على نفقة المخالف، عند تكرار المخالفة الواردة في البند (١) من هذه الفقرة.

**المادة (٩):**

للشخص الطبيعي أو المعنوي تربية الحيوانات الأليفة والسماح بتكاثرها لغرض التجارة أو الانتفاع والهواية الشخصية، وينظم ذلك بتعليمات يصدرها الوزير.

**المادة (١٠):**

**أولاً** : يلتزم مربي الحيوان الأليف بما يأتي:-

١- تربية الحيوان في مكان وبيئة ملائمة، وتوفير الأغذية المسموحة بها، بما يلائم سن ونوع الحيوان وبالكمية اللازمة والصحية، والمستلزمات الأخرى له.

٢- السيطرة على الحيوان في الأماكن العامة، ومنعه من الإضرار بالغير والحفاظ على نظافة بيئة الأماكن العامة.

٣- حماية صحة الحيوان وتطعيمه حسب التعليمات الطبيب البيطري ومعالجته عند المرض.

٤- استخدام وسائل النقل المناسبة والمسموحة عند نقل الحيوانات والطيور بشكل جماعي أو فردي، بما يحافظ على سلامتها وصحتها وتتلاءم مع المعايير المتبعة.

٥- تسجيلها في دفتر صحة الحيوانات.

٦- إخطار المديرية أو الوحدة الإدارية فوراً عند نفوق حيوان أو وجود مرض معدي أو مشترك أو الشك فيه.

٧- عدم إساءة التعامل مع الحيوان، ويشمل ذلك ما يأتي:-

أ. استخدام الحيوان لغرض لا يتلاءم مع طبيعته أو فوق قدرته وسنه.

ب. عدم تهيئة مآوى مناسب وصحي لحمايته.

ج. الإهمال على الوجه الذي ينجم عنه ضرر.

د. حبس أو تقييد الحرية والحركة بما لا يتفق مع طبيعته.

ه. عدم علاجه عند المرض أو علاجه خلافاً للتعليمات الطبية البيطرية.

و. إجباره على الأسراف في الأكل والشرب بما يضر بصحته.

ز. استخدامه في المعارض وحملات الإعلانات والأعمال الفنية إذا أدى إلى الإضرار به.

ح. الإيذاء.

**ثانياً** :

١- يعاقب مربي الحيوان الأليف بغرامة لا تقل عن (١٠٠,٠٠٠) مائة ألف دينار ولا تزيد على (٢٥٠,٠٠٠) مائتين وخمسين ألف دينار إذا خالف أي من الألتزامات الواردة في الفقرة (أولاً ) من هذه المادة.

٢- تضاعف عقوبة الغرامة الواردة في البند (١) من هذه الفقرة عند تكرار المخالفة.

٣- فضلاً عن فرض العقوبة الواردة في البند (١) من هذه الفقرة، للمديرية تسليم الحيوان إلى مآوى لمدة مؤقتة أو بصورة دائمة.

**المادة (١١):**

**أولاً** : يلتزم مربي الكلب أو القط، فضلاً عن الالتزامات الواردة في المادة (١٠) من هذا القانون، بما يأتي:-

١- تسجيله لدى المديرية لغرض الحصول على وثيقة التربية وإيواءها في المنازل والمحلات، فيما عدا أوقات التزاوج.

٢- تعليق اسم أو رقم أو حرف مناسب وعنوانه في رقبته أو بأي أسلوب آخر معاصر، وتصادر المديرية دون بدل الحيوانات التي ليس لها اسم وعنوان.

٣- الحصول على وثيقة الصحة البيطرية التي تثبت التطعيم ضد الأمراض والفحص البيطري، ويتم حجر الحيوانات التي لا تملك وثيقة الصحة البيطرية على نفقة أصحابها إلى حين التأكد من صحتها وتزويدها بالوثيقة الصحية.

**ثانياً** : يجوز فرض الالتزامات الواردة في الفقرة (أولاً ) من هذه المادة لمربي أي حيوان آخر، ويحدد نوعه بتعليمات يصدرها الوزير عند الاقتضاء.

**ثالثاً** :

١- يعاقب مربي الحيوان بغرامة لا تقل عن (٥٠,٠٠٠) خمسين ألف دينار ولا تزيد على (١٠٠,٠٠٠) مائة ألف دينار إذا خالف الالتزامات الواردة في الفقرة (أولاً ) من هذه المادة.

٢- يعاقب مربي الحيوان بغرامة لا تقل عن (٥٠٠,٠٠٠) خمسمائة ألف دينار ولا تزيد على (١,٠٠٠,٠٠٠) مليون دينار إذا خالف التزامات الواردة في هذه المادة عمداً وبقصد الإضرار بالغير.

**المادة (١٢):**

**أولاً** :

١- يقوم مربي الحيوان عند تنازله عن الحيوان بعذر مشروع بإخطار المديرية لغرض إيوائه في المآوى.

٢- يستمر مربي الحيوان في الحالة الواردة في البند (١) من هذه الفقرة على التزاماته إلى حين تسليم الحيوان المآوى.

**ثانياً** :

١- يعاقب مربي الحيوان الأليف بغرامة لا تقل عن (١٥٠,٠٠٠) مائة وخمسين ألف دينار ولا تزيد على (٥٠٠,٠٠٠) خمسمائة ألف دينار إذا شرّد الحيوان خلافاً للإجراء الوارد في الفقرة (أولاً) من هذه المادة.

٢- فضلاً عن فرض العقوبة الواردة في البند (١) من هذه الفقرة يبقى مربي الحيوان الأليف مربياً إلى حين تسليم الحيوان للمآوى.

**المادة (١٣):**

**أولاً** : يتم الترخيص باستخدام الحيوان في التجارب للأغراض الطبية والعلمية المسموحة بها بعد موافقة وزارة الصحة أو وزارة التعليم العالي والبحث العلمي وفقاً للشروط التي يحددها الوزير بتعليمات.

**ثانياً** :

١- يعاقب عن كل مخالفة بغرامة لا تقل عن (٥٠٠,٠٠٠) خمسمائة ألف دينار ولا تزيد على (١,٠٠٠,٠٠٠) مليون دينار كل من خالف أحكام الفقرة (أولاً) من هذه المادة.

٢- تضاعف العقوبة عند تكرار المخالفة ذاتها.

**المادة (١٤):**

**أولاً** : تشكل لجنة في حدود المحافظات والإدارات المستقلة وفي حدود الأقضية والنواحي حسب الاقتضاء، من رئيس الوحدة الإدارية، وممثل كل من الصحة، والبيئة، والشرطة، والبلديات، والمديرية، وتتولى المهام الآتية:-

١- الإشراف على حملات جمع وحجر الحيوانات المريضة والمحتاجة إلى رعاية خاصة وتسليمها للمآوى.

٢- اتخاذ القرار بخصوص القضاء على أي حيوان يشكل خطراً على حياة الإنسان أو حيوان آخر عند عدم توفر طريقة مناسبة لعلاجه.

**ثانياً** : تتولى الجهات العسكرية في حدود المعسكرات المهام الواردة في البندين (١) و(٢) من الفقرة (أولاً) بالتنسيق مع اللجنة الواردة في الفقرة (أولاً) من هذه المادة.

**المادة (١٥):**

للمحافظ والمشرف على الإدارة المستقلة والوحدات الإدارية الأخرى بالتنسيق مع الوزارة التعاقد مع الجهات المختصة بالمهام الواردة في المادة (١٤) من هذا القانون بناءً على اقتراح اللجنة.

**المادة (١٦):**

إذا وجدت عقوبة أشد للأفعال الجرمية الواردة في هذا القانون في القوانين النافذة فإن العقوبة الأشد هي التي تنفذ.

**المادة (١٧):**

للجمعيات والمنظمات المختصة بحماية الحيوانات ونشطاء مجال الرفق بالحيوان وحماية البيئة تقديم الشكوى حول أي مخالفة لأحكام هذا القانون.

**المادة (١٨):**

تنسق وزارات التربية، والتعليم العالي والبحث العلمي، والأوقاف والشؤون الدينية، والثقافة والشباب، وهيئة حماية وتحسين البيئة، ومنظمات مجال الرفق بالحيوان، في حملات نشر ثقافة الرفق بالحيوان والتوعية حول حقوق الحيوانات وكيفية التعامل معها، في المراحل الدراسية وعلى المستوى العام.

**المادة (١٩):**

**أولاً** : تخصص نسبة (٥٠%) خمسين من المائة من واردات الغرامات الواردة في هذا القانون لغرض تنفيذ أحكامه.

**ثانياً** : يحدد مقدار المكافأة المستحقة للأشخاص المساهمين في جمع الحيوانات السائبة بتعليمات يصدرها الوزير بالتنسيق مع وزير المالية والاقتصاد، والبلديات والسياحة.

**المادة (٢٠):**

ينظم ما يلي بتعليمات يصدرها الوزير بالتنسيق مع وزير البلديات والسياحة في الإقليم:-

١- ساحات بيع وشراء الحيوانات ومعارض عرض الحيوانات للتعامل في ضوء القوانين النافذة في الإقليم.

٢- شروط الملاجيء ومستلزماتها.

٣- شروط نقل الحيوانات.

٤- تنظيم عمل شركات ومكاتب تسويق واستيراد وتصدير الحيوانات.

**المادة (٢١):**

يصدر الوزير التعليمات اللازمة لتسهيل تنفيذ أحكام هذا القانون.

**المادة (٢٢):**

لا يعمل بنص أي قانون أو قرار يتعارض مع أحكام هذا القانون.

**المادة (٢٣):**

على الجهات ذات العلاقة تنفيذ أحكام هذا القانون.

**المادة (٢٤):**

ينفذ هذا القانون بعد مضي (٩٠) تسعين يوماً من تأريخ نشره في الجريدة الرسمية (وقائع كوردستان).

**الأسباب الموجبة**

من أجل حماية الحيوانات وتنظيم أسلوب التعامل معها، ولغرض تنظيم المجالات التي لم تنظم في القوانين النافذة في الإقليم ولترسيخ ثقافة الرفق بالحيوان، شرع هذا القانون.

**نيچيرڤان بارزاني**
**رئيس إقليم كوردستان**

**أربيل**
**٢٠٢/٢/٥**